# دەروازەیــەك

# بۆ مـیـتـۆلـۆژیـا

« علم الاساطير »

**فاروق ڕەفیق**

چەند ووشەیەك کە دەبێ بوترێت ..

ئازیزەکان ئەگەر بەویژدانەوە چاوێك بە «ثقافە» کلتوری کوردیدا بگێڕین لەم سالانەی دواییەداو بـەراوردێکی بکەین لەگەڵ میللەتەکانی دراوسێمان و جیهاندا ، وەیاخود ئەوەی کە هەیە بەرامبەر ئەوەی کە پێویستە ببێت ، ئەوا زۆر جار تووشی نارەزایی دەبین ، چونکە ئێمـە هەمیشـە هەوڵ ئـەدەین لەمە باشتربین و چاومان بەو لێکۆڵینەوانە هەڵبێت کە تامەزرۆیین ، لەهەمان کاتیشدا دەبێتە هۆی وووریاکردنـەوە و را پەرینێکی سەراپاگیری بەلام لەهەمان کاتدا دەبێت لەوراستیەبگەین کە . هەوڵ و کۆششی دلسۆزان هەربـەردەوامە . ئـەمە لەلایـەك ، لەلایەکی ترەوە بارودۆخی سیاسی ناوچەکەو جێ بەخۆنەگرتنی هۆیەکی سەرەکی بووە لە دواخستنی هەندێ بابەتدا .

ئەگەر چاوێك بگێڕین بەگۆڤارو ڕۆژنامەو ببلۆگرافیای ئەو کتێبـانەی کـە دەرچوون لەمـاوەی پەنجـاسالی رابـردوودا ، ئەگەینە ئەوەی بلێین کتێبخانـەی کوردی تـابلێی هـەژارەو لەبابەتی شیعرو چیرۆك تێ نا پەرێ ، بگرە بابەتی رەخنەش لەم سالانەی دواییدا خەریکە سەر دەربکات (ئێمـــە لێرەدا نامانەوێ بچینە ناو ئەم باسەوەو لەسەری بڕوین وەراستی و . ناراستی ئەم قسەیە بسەلمێنین) بەشێوەیـەکی گشتی لەگەڵ چەند هەوڵێك کەلەو بابـەتانـە دەچنە دەرەوە وەکـو مێژووی ئەدەب و چەند نامیلکەیەکی سیـاسی و هەولدانـەکانی بـواری مێژوو کەناکرێت لێـرەدا دەستی رێز بـەسنگەوە نـەنێین بـۆ مامۆستای مێژوو نووس (کمال مظهر) بەلام بابەتەکانی وەکو فەلسەفەو دەرون ناسی و کۆمەڵناسی و لێکۆلینەوەی فیکری کەم ناتوانین بیگەڕێنینەوە بۆ پلەی نەبوون ، چونکە هەوڵدان هەیە بەتایبەتی لەو کاتانەدا کە دیموکراتیەت بـەرکەمـاڵ دەبێت ، بەلام ئایـا دەتوانـین بەراوردی بکـەین لەگەڵ دەولەمـەندی کتێبخانەی میللەتەکانی تـر ، وەیاخـود لەبەردەم گـرنگی ئەم بابەتانەدا . ئایا بەیەك دوو کتێب تینوێتیمان دەشکێ ؟ ! ...

گومانی تێدانییە کەگرنگ هەیـەو گرنگتـرو گرنگتـرین هەیە ، بواری فەلسەفە وەیا لێکۆڵینەوەی فیکری بەشیوەیەکی گشتی بەگرنگترین دادەنرێت هیچ بۆرە تۆژینەوەیـەك لەسەر فەلسەفە نییە جگە لەو هەوڵەی حمید عزیزو کەمال میراودەلی و

لەگەڵ هەندێ وەرگێڕاندا ، بەلام ئایا دەتوانین دوو باس بەراووردبکەین لەگەڵ گەورەیی و مەزنی و گرنگی فەلسەفەدا کەخۆی لەخۆیدا بوتە دروست بوونی بۆشاییەکی گەورە لەژیانی رۆشنبیریماندا . هەروەها نەبوونی ئەم جۆرە تویژینەوانە لەزمانەکەماندا بوتە دەوڵەمەند نەبوونی زمانەکەمان بەچەمکی فەلسەفی و زاراوە زانستی یەکانی تر ، خۆبابەتی وەرگێڕان ئەوە باس ناکرێت کەچەند کلۆلە کەسێ نی یە هەست بەو لێپرسراویە گەورەیە بکات و هەڵسێ بەوەرگێڕانی ئەم جۆرە بابەتانە . لێرەدا دەبێت ئەوەش بڵێین کە وەرگێڕان پێویستیەکی کۆمەڵەو دەبێت دام و دەستگا کۆمەلایەتی یەکان نەخشەی بۆ دابنێن . لەراستی دا ئەمرۆ تینوێتیمان بەم جۆرە توێژینەوانە دەشکێت ئەمرۆ ئێمە عەودالی بیرو فەلسەفەین بۆ خۆدۆزینەوە ، ئەمرۆ ئێمە دەمانەوێ هۆشیار بین و ئاگامان لەناکۆکی یە فەلسەفی و سیاسی یەکانی جیهان بێت ، گەلی عەرەب دەبێت شانازی بە عبد الرحمن بدوی ، فؤاد زكريا ، جورج طرابشي ، سمير كرم ، محمود أمين عالم ، سامي دروبي ، جبرا ابراهيم جبرا ، بدرالدين سباعي ، فؤاد مرعي ، ابراهيم كبە و الياس مرقص و سەدەها ئەدیب و رووناك بیری ترەوە بکەن کە قۆڵیان لێ هەڵمالیو لە بوارەکانی ئەدەب و فەلسەفەو سیاسەتداو دەستیان لەوەرگیراندا هەیە (ئەمە لەگەڵ بۆ چوونی جیاوازدا بەلام هەردەبێتە دەوڵەمەند بوونی کتێبخانەی عەرەبی) کەچی لای ئێمە لەگەڵ بوونی وچەند کەسانیك کەشارەزان لەزمانە زیندووەکانی جیهان ئەم هەوڵە نابینرێت ، یاخود وەکو پێویست نی یە . بەڕای من ئەگەر ئەمرۆ رۆشنبیرەکان بیر لە گرنگی ئەم جۆرە بابەتانە بکەنەوە ئەوا دواڕۆژێکی روون چاوەرێی کلتوری کوردی یە ، بەپێچەوانەشەوە بارەکە وەکو خۆی دەمێنێتەوە .

ئەفسانە (میتۆلۆژیا) یەکێکە لەو بابەتانەی کە پشت گوێ خراوەو هیچ لێتوێژینەوەیەکی لەسەر نەکراوە ، لەگەڵ ئەوەی کە ئەمرۆ میتۆلۆژیا بوتە شوێنی ململانێیەکی توندی فەلسەفەو قوتابخانە فەلسەفیەکان ، بەچەندەها نووسەرو زانای ئەنترۆپۆلۆژی و کۆمەڵ ناسی ... هتد لەم بوارەدا لەووتوویژدان تەنانەت لەرۆژنامەیەکدا خوێندمەوە کە لە ئەمریکادا کۆلێژیك کراوەتەوە بەناوی «کولیژی ئەفسانەی بەراوردکاری» ئەمە لەلایەك ، لەلایەکی ترەوە لەرۆژهەلاتی ناوەراست کە لە ناوچەیەکی دەوڵەمەندی میتۆلۆژیای جیهانی یە هەروەها مەڵبەندی ئایینە سەرەکی یەکانی جیهانە ، کوردیش وەکو میللەتێکی ئەم ناوچەیە سامانێکی گەورەیی ئەفسانەی هەیە لەئەنجامی وەرگرتن و دانەوەدا لەبەر ئەوە پێویستە ئاوریك لە ئەفسانەوە بدەینەوە . ئایا لە بەردەم ئەم باسە گەورەیەدا دەتوانین چی بڵەین ؟ .

میتولۆژیا ئەمرۆ ، دادەنرێت بەیەکێك لەو باسانەی کە هەتا قسەی لەسەر بکرێت کەمە ، چ وەکو قوناغێکی فیکری ئینسانی سەرەتایی کە ئەمە ناوەرۆکەکەیەتی یا چ وەکو لایەنی ئەدەبی و هونەری کە خەیاڵی ئینسان رۆڵی سەرەکی تیادا بینیەوە بوتە کەرەسەیەکی خاویش بۆنەوەکانی دوایی لەبواری داهێناندا ... ئەفسانە پەیوەندی یەکی پتەوی بەهونەرەوە هەیە لە بەرەبەیانی مێژووەوە شوێنی گرنگی پیدانی مۆسیقارو هونەرمەندە تەشکیلی یەکان بووە ، خۆ لەبواری شانۆدا باس ناکرێت کە چەند سوود لە ئەفسانە وەرگیراوە .

کەلە نووسەرەکانی وەکو یوربیدس و سوفوکلیس و ئەسخیلوس و ئەرسطو ڤانس و بەدەیەها نوسەرو هونەرمەندی تر ، لەبواری ئەدەبیشدا لای هیندی یەکان و ئیرانیەکان و چینی و میسری و هەروەها ئەوروپاییەکان ئەفسانە بوتە ناوەرۆکی وێنە شیعری یەکان . خۆ ئەگەر باسی سوود وەرگرتنی شانۆ لەئەفسانە بکەین ئەوا یەکسەر ئەدیبی گەورەی ئینگلیزی شکسپیرمان دێتەوە یاد کە چۆن سودی لە ئەفسانەی ئۆدیسیس وەرگرتووە بۆ چامە بەناوبانگەکەی (ڤینوس و ادونیس) . هەروەها ازراباوند سوودی لە ئەفسانە وەرگرتووە هەروەکو چۆن الیود لە (وێرانە خاك)دا سوودی لەئەفسانەیەکی سەدەیی ناوەراستەوە وەرگرتووە بۆ دەربرین لە وێرانە خاکی شارستانێتی ئەمرۆی رۆژئاوا لەژێر سایەی رژێمە بۆرژوازیەکاندا لای جیمس جویس لەشاکارە بەناوبانگەکەیدا (ئولیسیس) هەلویستی ئەفسانەیی دەبینیەوە . ئەم کەلە نوسەرانە ئەفسانە دەقاو دەق وەرناگرن ، بەڵکو دەیکەنە هۆیەك بۆ دەربرینی ئاوات و ئارەزوو ئازاری مرۆڤی ئەم سەردەمە ، هەرکەسە لەبۆچوونی خۆیەوە . لای سارترو کوکتوش بەهەمان شێوە ، جان ئانۆی لەیوربیدس و ئەنتیگوناو ، میدیادا هەروەها سیاب و عبد الوهاب بیاتی و توفیق حکیم و بەدەیەها نووسەری تر (کەئێمە ئەمانە بەنمونە

دەهێنەوە مەبەستمان ئەمانەنین بەتەنها) . کەواتە میتۆلۆژیا جگە لەرۆڵە فیکری‌یەکەی لە دێر زەمانەوە سەرچاوەی داهێنانی هونەری‌و ئەدەبی بووە .

کەواتە ئێمە لە باسێکی واقوڵ‌و فراوان دەدوێین ، تکای ئەوەم هەیە کە ئەم باسە وەکو هەوڵێك وەربگرن لەم بوارەدا و بەهیوای ئەوەمەبن کە لەرێی باسێك یاکتێبێکەوە تینوێتیمان بشکێنێت . لێرەدا خۆم لەزۆر وردەکاری‌دا نەداوە ، بەشێوەیەکی گشتی لەمیتۆلۆژیاو پێناسەکردنی‌و ئەو تیۆرانەی کە لەئەفسانە دەکۆڵنەوە دەدوێم ، مەرج نی‌یە لێرەشدا هەموو شتێك بڵێین ، تەنها هێماکردن بۆ مەسەلەکەو گرنگی‌و ئەو مشت‌و مڕەی کە لە سەریەتی خۆی لەخۆیدا شتێکی زۆر چاکەو ئەگەر بەردەوام بین لەسەر ئەم باسە ئەو شتانەی کە لێرەدا نەوتراون رۆژیان دێ‌و هەر دەبێت بوترێن ، خۆ لەقەرەدانی باسێکی وەك میتۆلۆژیا بێ هیچ خەلفیەتێك لەزمانەکەماندا کاری یەك کەس نی‌یە بەتەنها ، بەڵام ئەو کەسەی هەنگاوی یەکەم دەنێت شتێکی چاك دەکات بەومەرجەی لەڕوانگەی زانستەوەبێت ، ماوەیەکە خەریکی خوێندنەوەی ئەفسانەم ئەم باسەش بریتی‌یە لەو تێبینیانەی کەلام درووست بووە بۆ مەسەلەی ئەفسانەی کوردی . تا ماوەیەك لەمەوبەر شتێکی ئەوتۆ نەکرابوو ، بەڵام ئیستا گرنگی خۆی نوێ کردوتەوە ، هەندێ لەو ئەفسانە کوردی‌یانەم لەلایە . بەڕای من بەپلەی یەکەم کۆکردنەوەیان دێ‌و بەپلەی دووەم ئەو کەسەی کەلێ دەکۆڵێتەوە پێویستە ئەم کتێبانەی خوێندوبێتەوە (الف ليلة وليلة) ، (كليلة ودمنة) و (شاهنامه) بۆ جیاکردنەوەی ئەفسانەو حکایەتە خەراف‌و میللی‌یەکانی کورد کەتایبەتن بەکورد لەوانی دی کەتایبەتن بە میللەتانی دراوسێمانەوە لەبەر ئەوە ئەومەسەلەیەم دواخست تا ئەوکاتەی ئەو مەرجانەمان لا دروست دەبێت . ئاگاداری ئەوەش هەم کەچەند مامۆستایەکی هێژا دەست پیشکەری چاکیان کردووە ، ڕیچکەیان شکاندوە لەوانە ، مامۆستا د . عزالدين مصطفى رسول‌و مامۆستا دڵشاد مەریوانی . با هەر کەسەمان لەشوێن خۆیەوە چمکێکی ئەو مەسەلەیە بگرێت بۆ پاراستنی کەلەپوری میللەتەکەمان ، واتە کۆکردنەوەی ئەفسانەو حکایەتە خەراف‌و میللی‌یەکانی کورد لەزمانی ئەوەی پێش خۆمانەوە . باسەکەم کردووە بە سێ بەشەوە :.

بەشی یەکەم - أ - میتۆلۆژیاو پێناسە کردنی[1]
ب - جۆرەکانی میتۆلۆژیا
بەشی دووەم - ئەو تیۆرانەی کە لە سەرهەڵدانی ئەفسانە دەکۆڵنەوە
بەشی سێ‌هەم - هەڵوێستێکی فەلسەنی لەبەردەم ئەفسانەدا

## بەشی یەکەم - (أ) میتۆلۆژیاو پێناسە کردنی

ئەمڕۆ میتۆلۆژیا وەکو بابەتێك ، بۆتە شوێنی گرنگی پێدانی مرۆڤی هاوچەرخ ، هەروەکو چۆن لە سەردەمەکانی تریشدا ئەو گرنگی‌یەی هەبووە بەلام ئەمڕۆ دوای ئەو راپەڕینە فیکری‌یەی کە جیهان بەخۆیەوە دیوە لەدوای سەدەی راپەڕینەوە «ڕینیسانس» بۆ سەدەی هەژدەهەم ونۆزدەهەم‌و بیستهەم ئەم گرنگی پێدانە ڕوولەزیاد بوونە ، میتۆلۆژیا چەند زاناو ئەدیب‌و هونەرمەندو خاوەن پسپۆرە تایبەتی‌یەکانی بەلای خۆیدا کیش کردووە ، هەر لە بوارەکانی ئەنترۆپۆلۆژیا (علم الانسان)و ئەنترۆلۆژیا (علم تحليل دراسة الشعوب)و دەروون ناسی‌و کۆمەڵ ناسی ، هەروەها جێی گفتوگۆیەکی تێرو پڕی ئیپستمۆلۆژیایە «تیۆری زانستی (نظرية المعرفة)» چ لای ماتریالیزمیەکان‌و چ لای ڕێرەوە ئایدیالیزمەکان چونکە پەیوەندی هەیە بەسەرەتای ژیان‌و تێڕوانینی کۆمەلانی سەرەتایی بۆ گەردوون ، هەروەها پەیوەندیشی بەسەرەتاکانی بۆچوونی فەلسەفی‌یەوە هەیە ، بەواتایەکی‌تر پەیوەندی بەگیروگرفتێکی بنەرەتی فەلسەفەوە هەیە ، ئایا هۆشیاری (الوعي) پیش مادده (ماتەر) دەکەوێت یاماتەر دەبێتە هۆی بوونی هوشیاری ؟

ئایا بوونی کۆمەلایەتی هۆشیاری کۆمەلایەتی دیاری دەکات یان بەپێچەوانەوە ؟ ئەو بیروڕا ئایدیالیزمانە تاکوێ دوورن یانزیکن لەڕاستی مەوضوعیەوە ، ئەمە جگە لەو ئەفسانانەی کە ناوەرۆکێکی ئەخلاقی‌و پەروەردەیی لەخۆدەگرن ، بەتایبەتی ئەو گرنگی پێدانەی ئەم سەدانەی دوایی لەسەر ئەفسانەی بابل‌و میسری‌و هیندی‌و ئەمەریکی‌و ئەفەریقی‌و شارستانی‌یەکونەکان مەودای باسەکەی گەورە کردووە دوای ئەو هەوڵەی رۆژهەلات‌ناسەکان بۆ دەرخستنی

رووی راستی شارستانی‌یە کۆنەکان ، کە ئەمە خۆی لەخۆیدا بەیەکێ لەکارە گەورەکانی ئەم سەدەیەی دوایی دەژمێرێت ، بەمانای چونە دەرەوە لەئەوروپا بەرەو شارستانی‌یەکی‌تر چونکە بۆ چونیك هەیە ئەوروپا دادەنێ بە مەڵبەندی شارستانی‌یەتی ، گوایە کە ئەوروپا خاوەنی میتۆلۆژیاو ئەدەب‌و هونەرو زانست وفیکرە بەبێ کاریگەری ناوچەکانی تری جیهان ، ئەفسانەش هەروەها ، لێکۆڵینەوە زانستی‌یەکان ئەم ڕایە ڕەت دەکەنەوە ، ئەوروپا تەنها بەشێکە لە شارستانی‌یە گەورەکەی کەهەموو ئینسانیەت هاوبەشە لەگەشەکردن‌و پێشکەوتنیدا (لەراستدا گفتوگۆیەکی تێرو تەسەل هەیە کە ئەم باسە دەبەستێتەوە بەفەلسەفەی یۆنانی‌یەوە ، کۆمەڵێك لاف ئەوە لێ دەدەن کە فەلسەفەی یونانی موعجیزەیەو هیچ پەیوەندی بەرۆژ هەڵاتەوە نی‌یە وەکو ڕسل‌و برنێت کومەڵێ دووهەم لەنرخی شارستانێتی رۆژئاوا کەم ناکاتەوە بەڵام مەوضوعیانە بۆ باسەکە دەچێت وەفەلسەفەی یۆنانی‌و زانستی یۆنانی ومیتولوژیا بە ئەڵقەیەك دادەنێ لەئەڵقەکان ، لەشوێنەکانی دی جیهانیش خاوەنی میتۆلوژیاو شارستانێتین وەکاری خۆشیان هەیە لەسەر ئەوروپا بەتایبەتی لەکاتێکدا کە هەندێ ئەفسانەهەیە هاوبەشە لەنێوان میللەتانی جیهاندا ، یاخود یەك لەژێر کاریگەری ئەوی‌تردایە . لەوانەی بڕوایان بەم ڕایە هەیە دیو رانت لە (قصة الحضارة)و جورج سارتون لە (تأريخ العلم)دا ئەم رایە ئەمڕۆ زانست پشت‌گیری لێ‌دەکات) . دەبێت ئەوە بڵێین کە زۆر کەس وەبگرە زاناو فەیلەسوف وابیردەکەنەوە کە ئەفسانە دیاردەیەکی سادەو ساکارە پێویست بە هیچ تەفسیرێکی سایکۆلۆژی‌و فەلسەفی ناکات ، نەتەئەمولەو نەفیکر ، بەڵکو کورت بینی‌یەکی فیکری ئینسانی‌یە . هەر بۆیەشە گەمژەیی‌یە لەئەفسانە بدوێین .

کاسیرر دەڵێت «ئایا دەتوانین شارستانی‌یەتی بابل‌و میسری‌و هندی وچینی ناوبنەین بەغەباوەت . ئەمە لەکاتێکدا کە شارستانێتی نەبووە لە مێژوودا بەبێ بوونی لایەنی ئەفسانەیی» لەراستیدا مشت‌و مڕو گفت‌و گۆیەکەکۆنە بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم بۆچوونە رۆمانسیەت دادەنرێت بە بزووتنەوەیەك کەلایەکی کردووە بە لای ئەفسانەدا بەرادەیەك جێ پەنجەی سەرکێشی‌و زیادەڕۆیی پێوە دیاربوو لەو بۆچونەدا کە هیچ جیاوازیەك لەنێوان ئەفسانەو واقیعدا نابینێت .

کەواتە هەروا کارێکی سوك‌و ئاسان نی‌یە زاراوەی میتۆلۆژیا پێ‌ناسبکرێت بەتایبەتی لەم سەردەمەماندا کە زاراوەکە مانای فراوانتر لەخۆدەگرێت‌و وەکو هەموو چەمکێکی دی یاسای پەرەسەندن دەیگرێتەوە ، بەڵام ئەمە مانای وانی‌یە کە ناتوانین مەوداو مانای زاراوەکە دیاری بکەین‌و پێناسی بکەین . بەشێوەیەکی گشتی میتۆلۆژیا دەلالەت لە دوو مانادەکات .

یەکەم / ئەوزانستەی کە لە ئەفسانەکان دەکۆڵێتەوە بەرامبەر زاراوەی (Mythology) واتە (Myth) کە ئەفسانەکەیەو (Logy) زانستەکە کەلێی دەکۆڵێتەوە دووهەم / دەلالەت دەکات لەو کۆمەڵە ئەفسانە گەورانەی مێژووی ئینسانیەت لەنێوان میللەتە جیاوازیەکاندا ، لەقۆناغەکانی سەرەتایی‌دا بەرامبەر (Myth) لەبنەرەتدا لای گریکەکان (Mythes) بەمانای ووشەیەکی بێژراو دێت «الكلمة المنطوقة» لەدوایدا لەزاراوەیەك شوێنی خۆی گرت بەمانای حیکایەت دەربارەی خواکان . جیرالدرسون دەڵێت (حیکایەتێکە یا چەند حیکایەتێکی بەیەکەوە بەستراوە دەربارەی خواوەندو هێزە غەیبیەکان کە لەناو کۆمەڵانی خەڵکیدا بەکاردێت بەشێوەیەکی گشتی لای ئینسانی سەرەتایی بەئامانجی تاقی‌کردنەوەی ژیان) ئەفسانە بابەتی ئەوتۆی لەخۆگرتووە ، وەکو دروست بونی گەردوون‌و بنچینەی شتەکان ، مان‌و نەمان‌و دیاردەکانی تری ژیان . هەروەها فۆنك دەڵێت (دەبێت ئەفسانە رابوردویەکی مێژوی هەبێت‌و کەسایەتیەکانی هەر دەبێ لەخواوەندەکان بێت) ئەم ڕایەی فۆنك لەسەر ئەفسانەی قۆناغە سەرەتایی‌یەکان دەچەسپێت ، خۆ ئەگەر پاڵەوانەکە لەخواکان نەبوو دەبێت ئەو توانایەی هەبێت کە لەشتەکان بگات ، خۆ بەجۆرێکی تر دەچێتە ڕیزی حیکایەتی خەرافی‌و میلی‌و داستان‌و پەندەوە «کەلەدوایدا باسیان دەکەین» کەواتە بەپێی مانا فراوانەکەی ئەفسانە لەچەند چیرۆکێك پێك هاتووە .

تەورەی باسەکە بنچینەی شتەکان‌و کۆتایی دروست بونیانە . هەروەکو ئەندرۆلانگ دەڵێت سەرەتای جیهان‌و بوون‌و نەبوونی مرۆڤی سەرەتای خەریك کردووە بەو پرسیارەوە من کێم(2)؟ لە کوێ‌وە هاتووم ؟ چۆن چۆنی گەردون سەری هەڵداوە ؟ کەواتە ئەگەر لەم بۆچونەوە سەیری ئەفسانە بکەین ئەوا ناچار بەقۆناغێکی سەرەتایی بیری فەلسەفی دادەنێین

لەئەنجامی لێووردبونەوە لە دیاردەکانی گەردوون و پەیوەندی بەدیاردە کۆمەڵایەتی یەکانەوە بەپێی ئەم هاوکێشە منطقی یەی لای خوارەوە :-

لێووردبونەوە بەدوای خۆیدا سەرسوڕمان دێنێت [٢]

سەرسوڕمان بەدوای خۆیدا پرسیار دێنێت ، هەموو پرسیارێکیش جووڵەو جۆری حاڵەتێکی دەرونی درووست دەکات بۆ گەیشتن بە وەڵام تا هەڵچوونەکەی دادەمرکێتەوە . کەواتە لای ئەندرۆلانگ سیستەمی گەردوون لەشێوەی حیکایەتێکدایە ئەمە ناودەبرێ بە ئەفسانە ، ئەودلە راوکێ یە لە لێووردبونەوەی دیاردە سروشتی یەکان وشتە نەزانراوەکانەوە درووست دەبێت ، ئەگەر وابێت مرۆڤی کۆن بەهۆی ئەفسانەوە شێوەیەکی فیکری دەدات بەتاقی کردنەوەو پراکتیکی ژیانی .

لیڤی شتراوس کە بەپێشەوای پرۆگرامی شیکردنەوەی شارستانی یەتی ئەفسانە دەژمێرێت «وەکو نبیلة ابراهیم و دکتور قیس نوری دەڵێن» لای شتراوس دەبێت منطقیانە لە بنەمای ئەفسانە ووردبینەوە ، لەرێی دیاری کردنی چەند بنەمایەکەوە [٣] بنەمای یەکەم - ئەفسانە بەتەنها حیکایەتێک نی یە هەروا لەخۆیەوە بێ مەبەست نوسرابێتەوە بەڵکو بە ناچاری لەئەقل و رەوشتی ئینساندا دەژی ، ئەم بنەمایە ناودەبات بە «بنەمای ئەقلی بەشەری یەت» .

بنەمای دووەم - ئەفسانە پێویست ناکات بە جیا جیا لێی بکۆڵدرێتەوە بەڵکو دەبێت لە بۆچونێکی دیالێکتیکانەوە وەکو یەکەیەک (وحدة) سەیری بکرێت . لەدوای ئەم بۆچونەوە دەگەینە راستی یەک ، یەکێک لەو راستیانە جیهانی یەتی ئەفسانەیە ، واتە نزیکی ئەفسانەکان لەیەکەوە وەتەنانەت بگرە لەناوەڕۆک و شێوەشدا کە ئەم خاڵە خۆی لەخۆیدا شوێنی پرسیارێکی گەورەیە بەلای ئێمەوە .

بنەمای سێهەم - بۆ تێگەیشتن لە ناوەڕۆک و گرنگی ئەفسانە پیویستە یەکالا بکرێتەوە بۆ چەند دانەیەک ، وەلەدوایدا پۆلێن (تصنیف) بکرێن (ئەم خاڵە پێچەوانەی خاڵی دووهەم نی یە چونکە بۆچونێکی هەمەلایەنی بۆ گشت ئەفسانەکان تەواوکەری ئەم خاڵەیە) لە ئەنجامی ئەم ڕایەی شتراوسەوە کە یەکێکە لەو زاناو فەیلەسوفانەی قوتابخانەی (بنیەویەت) لەفەلسەفەدا دەردەکەوێت کە گرنگی دەدات بە بیناو پەیوەندی ناوەکیانەی شتەکان ، کاریگەریشی لەسەر بیرکردنەوەو رەوشت .

توێژەرەوەکان هەمیشە ئەو پرسیارە دەکەنە سەر باسی ئەفسانە ، ئایا ئەفسانە یا عەقلی ئینسانی سەرەتایی مەنطقی یە ؟ لایەنی غەیبی و لامەعقولی یەتی ئەفسانەو پاڵکێشانی بەسەر فیکرو رەوشت و هەڵوێستی ئینسانی سەرەتایدا وا لەهەندێ توێژەرەوە دەکات کە فیکری سەرەتایی دابنێت بەفیکرێکی نامنطقی . واتە قۆناغی پێش مەنطقە (Prologicl stage) بەتایبەتی لای لیڤی بریل لەکتێبەکەیدا (العقلیة البدائیة) ئەم بۆچونە دەبینینەوە کە یەکلنگیر نابێتەوە لەگەڵ هەندێ بۆچوونی تر کە باسیان لێوە دەکەین .

لیڤی بریل لەو بڕوایەدایە سەرلێ شیواوی و بێهودەیی یە کە ئێمە بەدوای ئەو پێوانەیەدا بگەرێین کەهاوبەش بێت لەنێوان عەقل و چالاکی و بۆچونی ئینسانی سەرەتایی و عەقلی ئێمەی ئەم سەردەمە جیاوازیشیان ئاسمان و رێسمانە ، عەقلی سەرەتایی دەستەوستانە لەبەردەم شێوازەکانی بیری منطقی «استدلال واستنتاج و سەلماندن واتە فیکرێکی رێکوپێکی مەنطقی» دەتوانین بڵێین عەقلی ئینسانی سەرەتایی پێش منطقی یە .

ئەم رایەی لیڤی بریل تەنها وەکو ڕایەک سەیری دەکرێت ، چونکە چەندان فەیلەسوف و پسپۆڕی ئەم باسە بەم ڕایە ڕازی نابن ، تایلۆر لە کتێبەکەیدا (الحضارة البدائیة 1871) ئەوشتەی پێی دەوترێت عەقلیەتی سەرەتایی رەت دەکاتەوە ، بڕوای بەم جیاوازی یە نی یە دەڵێت «هیچ جیاوازی یەک نی یە لەنێوان عەقلی یەتی شارستانی یەتیدا» هەروەها فریزریش لە کتێبی (غُصن الذهبي) جیاوازی نابینێت هەر لەسەرەتاوە تا کۆتایی ، هەنگاوەکانی فیکر بەیەک دەزوو پەیوەست دەکات ، ڕاکەی لەسەر طەقس و سیحر تەعمیم دەکات . لەبڕوایەوە کە ئەوئینسانە سەرەتایی یەی هەڵدەسێ بەطەقسێکی سیحری هیچ جیاوازی نی یە لەڕووی مەبدەئەوە لەگەڵ ئەو زانایەی کە بەتاقی کردنەوەیەکی فیزیاوی یا کیمیاوی لەتاقیگەدا هەڵدەسێت ، کەواتە جیاوازی نی یە لەنێوان پزیشکی سەرەتایی و زانیاری سەردەمدا لەڕووی چلۆنایەتی یەوە بەڵکو جیاوازی یەکە لەڕووی چەندێتی یەوەیە ، هەروەها بەیەک گەیشتنەوە هەیە لەنێوان بۆچونی سیحری و بۆچونی نوێ لەرێی لێکۆڵینە ئەنترۆپۆلۆژی و ئەثنۆلۆژیەکانەوە هەست بەو

پەیوەندی‌یە ئەکەین کە ئەفسانە هەیەتی لەگەڵ ئایین‌و سیحر بەشێوەیەك کە ناتوانرێ لەیەکتری جودا بکرێنەوە . جۆرج طومسن سحر واپێناسەدەکات «تەکنیکێکی وەهمی بەرهەمە» لەڕێی ئەم یەکیەتی‌یەوە دەتوانین نەك لە ئەفسانە بگەین بەڵکو ژیانی کۆمەڵانی سەرەتایی‌و بیروڕاو قەناعەتیان شی‌بکەینەوە بە شێوەیەکی گشتی هەندێ لە توێژەرەوەکان جیاوازی دەکەن لەنێوان ئەفسانەی سەردەمی کۆن‌و ئەو ئەفسانانەی کە شەقڵی نوێ بونەوەی پێوە دیارە لەو ڕاستی‌یەوەی کە ئەفسانە دەربڕینێکی هۆشیاری کۆمەڵانە ، خۆی لەخۆیدا ژیانی ڕوشنبیری‌و کۆمەڵایەتی خەڵك لێك دەبەستێت ، یاوەکو دکتور قیس نوری دەڵێت «دەربڕینێکی دراماتیکی‌یانەیە لە ئایدیولوژیای کۆمەڵانی خەڵکی سەرەتایی» کەواتە تەعبیرکردنە لەبوونی کۆمەڵایەتی بنەمای شارستانیەتی و ڕۆشنبیریەتی هەربۆیەشە ئەفسانەی کۆمەڵانی خەڵك لە گۆڕاندایە لە ژێر دوو هۆدا ، هۆیە دەرەکی‌یەکان تێکەڵ بوون لەگەڵ شارستانی‌یەکانی تر وەکو مەسەلە ئینسانیەتەکە .

هۆ ناوەکی‌یەکان گۆڕان‌و بەرەوپێش چوونی کۆمەڵ لەئەنجامی گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتی‌یەکاندا کە لەگەڵیشیدا هۆشیاری کۆمەڵایەتی دەگۆڕێت وەکو سەرخان‌و ژێرخانەکەی کۆمەڵ لەبەردەم ئەم بۆچونەدا دەتوانین ئەوە بڵێین کەهۆشیاری وەکو شێوەیەکی ڕەنگدانەوەی واقیعی مەوضوعی تەنها لە مرۆڤدا هەیە هوشیاریش سەرجەم ئەم هەموو کردەوە عەقلیانەیە وەکو لایەنێکی ئیجابی کە هاوبەشە لە تێگەیشتنی ئینسان بۆ جیهانی مەوضوعی‌و بوونی کەسایەتی خودی خۆی لەڕاستیدا دەگەڕێتەوە بۆ کارو چالاکی ماددی ئینسان ، کەواتە تێگەیشتن لە مەنطقی یا نامەنطقی بیری ئینسانی سەرەتایی بە شێوەیەکی ڕوت‌کراوە (مجرد) و دابڕاو لە کاروکرداری بەرهەم هێنان‌و پشت گوێ خستنی پێش‌کەوتنی کۆمەڵ‌و دیاری نەکردنی قۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵ ، هەروەها حساب نەکردن بۆ پراکتیك (الممارسة العملية) نەك هەر زانستی نی‌یە بەڵکو جۆرێکە لەو بۆچونانەی کە لە عالەمی خەوخەیالدا دەژین‌و لەکەلی شەیتان نایەنە خوارێ ، چونکە هۆشیاری «لەگەلیشدا هوشیاری ئینسانی سەرەتایی‌و بینینەوەی لە ئەفسانەدا» کەلەکەکردنی تاقی‌کردنەوە مێژوویەکانە بە درێژایی مێژوو ، هەروەها سوود وەرگرتن لەمەنهەج و تاقی‌کردنەوەکانی پێشوو تا دەچێتە ژێر کاریگەری چالاکی مرۆڤ‌و تالە دواقۆناغدا کاربکاتەوە ئەو چالاکی‌یەو خەڵکی لەڕێی ئەو نەخشە هۆشیاری‌یەوە سروشت‌و کۆمەڵ بگۆڕن ئەمە خۆی لەخۆیدا ئامانجە ، فەیلەسوفێکی ئەڵمانی دەڵێت «مەسەلەی زانین ئەوەی ئایا فیکری مرۆڤ دەتوانێت بگاتە ڕاستی‌یەکی مەوضوعي ، مەسەلە یەکی تیوری نی‌یە بەڵکو مەسەلەیەکی پراکتیکی‌یە ، گفت‌و گۆ دەربارەی واقیعیەتی فیکر یاخود ناواقیعیەتی بەجیاکردنەوەی لە (ممارسة العملية) کارێکی نازانستیانەیەو دوورە لە ڕاستی‌یەوە» . کەواتە ئێمە ئەمرۆ نایەین ئینسانی سەرەتایی‌و کۆمەڵە سەرەتایی‌یەکان تاوانبار بکەین بەوەی کە گوایە بۆ وەکو ئێمە بیریان نەکردۆتەوە ئێمەیەکی سەردەمی ڕاپەڕین لەگشت بوارەکاندا ، سەدەی زانست‌و ئەلیکترۆن‌و مانگی دەست‌کردوو چەکی ئەتۆم‌و گەشتی ئاسمانی‌و ، ململانێی نێوان سۆشیالیزم‌و سەرمایەداری‌و سەدەها دەستکەوتی تر ، گەر ئەو بەراوردکاری‌یە بکەین دەلالەت لە هەڵەو گێراوەیی‌و کورت بینی‌و سەرلێشێواویمان دەکات بەرامبەر ڕاستی‌یەکی مەوضوعی ئەویش هوشیاری ئینسانی ئەم سەردەمە لەئەنجامی هەزارەها ساڵ پەرەسەندنی داهاتووەو بەچەند قۆناغێکی کۆمەلایەتی جیاوازدا تێپەڕیوە ، بەرهەمی هەوڵ‌و خەباتی تەمەنی مرۆڤە ، هیگل واتەنی «فەلسەفە کۆکراوەی سەرجەم سەردەمەکانی پێشووەو ڕۆحی ئەم سەردەمەشە» .

لەکاتی لێکۆڵینەوەدا چەمکی وەکو خەراق‌و میلل‌و داستان‌و پەندی پێشینان تێکەڵ بەئەفسانە دەبێت وەیاخود کەسیك یا پاڵەوانیك یاشورشیك ناودەبرێت بەئەفسانە کە لە هەندێکیاندا ئەفسانە پەیوەندی‌یەکی ئەوتۆی نی‌یە تەنها ئەوەنەهەیە ئەو توانایەی کەلەودا هەبووە وەکو پاڵەوانی لەکەسانی تردا نەبووە یا لەو شورشەدا هەبووە لە شورشێکی‌تردا نەبووە ، ئەم ڕایە پەیوەندی بە میتۆلۆژیاوە وەکو زانست نی‌یە .

دەتوانین ئەفسانە لەحیکایەتی خەراق جیابکەینەوە ، زۆر جار دەبینین هەندێ لەپاڵەوانەکان لەنەوەی خواکان نین ، بەلام پاڵەوانەکە لەنەوەی مرۆڤە یا سێ بەشی مرۆڤەو بەشێکی لەنەوەی خواکانە بەهۆیەوە دەبێتە خاوەنی ئەو هێزەی کە لە جیهانی غەیبی بگات ، پاڵەوانی حیکایەتی میلل لەم سیفەتەیدا

هاوبەشە . هەروەها پاڵەوانی ئەفسانە پەیامەکەی جیاوازە لەپەیامی حیکایەتی خەراف ولەگەڵ ئەوەی کەهەندێ کەسیش حیکایەتی خەراف بەرەنگێك لەرەنگەکانی ئەفسانە دادەنێن ، بەتایبەتی کە هەردوو هاوبەشن لەدەربڕینی شتە شاراوەکاندا . فۆنك دی لاین دەڵێت زۆر حیکایەتی خەراف پێش نووسینی مێژوو دەکەوێت لێرەوە تێکەڵ بەئەفسانەو ئایین دەبێت ، هەروەها حیکایەتی خەراف کارەستان ناکاتە بنەماڵەی خۆی ، بەڵکو پاڵەوانەکە دەبێتە بنەمای حیکایەتەکە ، وەلەناو کارەساتەکاندا ئەوانە هەڵدەبژێرێ کە پەیوەندی بە کەسایەتیەکەوە هەیەو کاری لێدەکات . بۆ نمونە لای کوردەواری خۆمان بەدەیەها حیکایەتی خەراف ئەوتۆمان هەیە وەکو - ڕێویە ئەنجەڵ ، کوڕەکەچەڵ ، ئەحمەدو مەحمود ، چل کوڕو چل کچ و عاسمەی پەریان ... هتد کەئەم توخمانەی تێدا دەبینرێت ، منداڵ بوون بەهۆی سێوەوە ، پیاوی نورانی وەکو «خێری زینە ، دێوو درنج ، توانای سیحری پەندی ئەخلاقی و کولەکەی ڕۆح و ... هتد کەلێرەدا مەودای ئەوەمان نی یە نمونە بهێنینەوە لەبەر درێژی باسەکە .

کەواتە حیکایەتی خەراف پاشماوەی بیروڕا کۆنەکانەو زۆر جار ئەوەی ئەفسانە دەگێڕێتەوە حیکایەتی خەراف بەدوورو درێژی باسی لێدەکات لەم حاڵەتەدا جیاوازی یەکەکەم دەبێتەوە . ئەبێ ئەوە بوترێ کەزۆر لە نوسەرو شاعیرەکان گرنگی دەدەن بەحیکایەتی خەراف بۆ نمونە گوتەی ئەڵمانی حیکایەتی «ماری سەوزو گوڵە سەوسەنی جوان» بۆ مەبەستێکی ئەخلاقی و پەروەردەی بەکارهێناوە ، هەروەها نوڤالیزو شیلرو ... هتد ، هەروەها حیکایەتی میللی شێوەیەکی پیرۆزی وەرناگرێ وەك ئەفسانە دەست بۆ مەسەلە گەورەکانیش درێژ ناکات بەڵکو لەسنوری ژیانی ڕۆژانەدا دەوەستێتەوە ، پاڵەوانی ئەفسانە بەهێزێکی گەورەوە ڕێ خۆش دەکات بۆ پاڵەوانی ئینسانی ، لێرەوە میتۆلۆژیاو فۆلکلۆر تێکەڵ بەیەکتر دەبن .

## جۆرەکانی ئەفسانە

بەدوو جۆر ئەفسانە دابەش دەکرێت - یەکەم - لەڕووی شێوەو ڕوکاری دەرەوەی ئەفسانەو پەیوەندی پاڵەوانەکە بەشتەکانی ترەوە .

دووهەم - سەیرکردنی میتۆلۆژیا وەکو یەکەیەك ناوەرۆك و شێوەی مەبەستەکەی کەئەم دابەش کردنەیان سەراپا گیری ترەوە باوتریشە و دابەش کردنەکەی دیش لەخۆ دەگرێت .

## ئەفسانەی دیاردە سروشتی یەکان «الظواهر الطبيعية»

بوونی ئەم جۆرە ئەفسانەیە لای سەرجەم میللەتان کەرەستەیەکە بەدەست ئەو تیۆرەی کەپێ دادەگرێت لەسەر لایەنی سروشت و کاریگەری دیاردە سروشتی یەکان لەسەر ئینسان و رەنگدانەوەی لەئەفسانەدا ، ڕۆژ ، ئاسمان ، مانگ ، زەوی، بروسکە ، باوبوران ، بومەلەرزە . ... هتد ، بەستنەوەی بەباری کۆمەلایەتی مرۆڤەوە وەکو ئەوەی کە لای زۆر میللەت مەلێك ڕۆژەو بەخشندەییەکەی تیشکەکەیەتی یاخود زەوی لەمیتۆلۆژیادا سەرچاوەی هەموو خێرو بەرەکەت و خوشی یەکە ، هەر بۆیەشە زەوی بەدایك بەراورد دەکرێت ، ئەم ڕایە خۆی بەسەر میتۆلۆژیای ئەمریکاو فنلندە ، ئینگلیز ، هیند ، یونانی کۆن ، بابلی ، سومەری و میسردا سەپاندووە ، لێرەوە دەبینین هەندێ لە توێژەرەوەکان ئەفسانە بەشێوەیەکی گشتی دەکەنە دوو کۆمەڵە . کۆمەڵەی ڕۆژی وەکۆمەڵەی مانگی . خوای ڕۆژ بەسەر هەموو خواکاندا باڵی کێشاوە ، گوایا لەبەیانیاندا هەڵدێ و لە ئێواراندا ئاوادەبێ ، بەبەلەمەکەیەوە بەشەو سەر لە مەملەکەتی مردووەکان دەدات ، هەروەها مانگیش لەکۆنەوە شوێنی سەرنجی ئینسان بووە ، بۆتە سەرچاوەیەکی ئینسانی لەمیتولوژیای میللەتانی جیهاندا ، دەرکەوتنی بەشەوو دەرنەکەوتنی لە ڕۆژدا بۆتە شوێنی سەرنجدان یاخود مانگ گیران وەکو دیاردەیەك سەرنجی ڕاکێشاون بۆ نمونە هیندی یە سورەکان لەو باوەڕەدان کەمانگ سەگڕاوی دەکات ، کاتێ کە دەکەوێتە ڕاوی سەگی گەورەوە سوور هەڵدەگەڕێت بەهۆی طەقسێکی دیاریکراوەوە ڕزگاری دەبێت .

ئەم بۆچونە لەمیتۆلۆژیای جیهانیدا بەشێوەیەکی گشتی دەبینرێت ، لەکوردەواری خۆشماندا ئەوە باوە کەجنۆکە سەریەك دەنیشن و بۆ ئەوەی کەمانگ بگرن زۆر جار سەرکەوتو نابن ، بەلام ئەوکاتەی کەمانگ دەگیرێ لەڕێگەی

سەڵەوات و تەهلیلدانەوە بەرەلا دەبێت .

## ئەفسانەی گیانداران

ئینسانی سەرەتایی بەسەرنجدان لەسروشت و دیاردەکانی ناوەستێتەوە ، بەڵکو چاوێکیش بەدەوروبەری خۆیدا دەگێڕێت نزیکترین شت لەدەوروبەری خۆی ئەو گیاندارانەیە کە بە حوکمی هەڵس و کەوت لەگەڵیاندا پێویستی پێیانە ، هەربۆیەشە ئەو گیاندارانە بابەتێکی میتۆلۆژی دروست دەکەن و دەبنە بابەت بۆ ناوەرۆکێکی ئەخلاقی وپەروەردەیی وەکو مەیمون گاو ، کیسەڵ و دووپشک ، مار ، ڕێوی و وورچ ... هتد مار لەچیرۆکی ئادەم و حەوادا دەبێتە هۆی بردنە دەرەوەی ئبلیس بۆ ناو بەهشت ، لەئەمریکای ناوەراستدا ئەوە زۆر باوە کە گوایا مەیموون لە سەرەتادا ئینسان بووە ، لە ئەفسانەی کوردیشدا ئەم ڕایە دەبینینەوە مەیمون ئینسان بووە و خوا غەزەبی لێگرتووە کردویەتی بەمەیمون ، عەشیرەتی زولوا لەخواری ڕۆژئاوای افریقا لەو باوەڕەدان کە قەبیلەی (احامینم) خەلکەکەی بوون بەمەیمون بەهۆی تەممەڵی و ئیش نەکردنیانەوە .

لەهەندێ ئەفسانەی تردا مەیمون دەبێتە ئینسان ، لەخواروی هیند[5] هەندێ سیمای تایبەتی دەدرێتە پاڵ تایەفەی (ماراوارز) لەبەر ئەوەی بنچینەیان لە خێڵە ، (ماناى وانی یە ئەم ڕایە لەتیوری پەرەسەندنی داروین کەم بکاتەوە ، بەهیچ شێوە یەك لایەنە زانستی یەکەی لەکەدار ناکات چونکە جیاوازی چلۆنایەتی هەیە لە هەردوو بۆچونەکەدا) ، هەروەها چەندان حیکایەتی رەمزی تر لەو بابەتە کە دەلالەتی اخلاقی و کۆمەلایەتیان هەیە بەهۆی پرۆسیسی (اسقاط)ەوە واتە ئینسان کەبیروڕای بۆچونەکانی خۆی دەهاوێتە سەر گیاندارەکە .

## ئەفسانەی ڕووەك

هەندێ میتولوژیای ئەفریقی و ئەوروپی و زۆر شوێنی تری جیهان ڕووەك دەبێتە بابەتێکی ئەفسانەیی وەکو گەنمەشامی و گەنم و جۆ داری سەوز و هەنجیر و ... هتد وەکو چۆن لەئەفسانەی گیاندارانادا دیمانەوە ، لێرەدا بەناچاری باسەکە دەمان باتەوە بەرەو باسی طەوطەمیەت کەهەندێ لەخێڵەکان ڕووەك دەکەنە طەوطەمی خۆیان و دەیپەرستن کەواتە طەوطەمیەت چی یە ؟ ! ...

ئەو خێڵە سەرەتاییانە نزیکەیەك لەنێوان ئەندامانی خێڵەکەدا هەیە کە ناوێك کۆیان دەکاتەوە ئەو ناوە هاوبەشەش وەك پەیوەندی یەك پێی دەوترێ (طەوطەم) کەئەم خێڵە دەیکەنە دروشمی خۆیان زۆر یاناژەل دەبێ یاڕووەك یا بێگیان (جماد) کەئەمەی دواییان زۆر کەمە لەسەر ژمێرریەکەدا لە 400 طوطم 40 طوطمی بێگیان دەرچووە .

فریزر دەڵێت «طەوطەم ئەو کۆمەڵە شتەیە کە ئینسانی سەرەتایی ڕێزی لێدەگرێت و لەوبڕوایەدا کەبوونی بەستراوە بەبوونی ئەوشتەوە» طەوطەمیش بۆ هەردوولا کەڵك بەخشە ، واتە ئینسان دەپارێزی وەپێویستە ئینسانیش ڕێزی طەوطەم بگرێت دەتوانرێ جۆری طەوطەم دیاری بکرێت .

1 طەوطەمی عەشیرەت ـ کەهەموو ئەندامانی عەشیرەتەکە هاوبەشن تێیدا

2 طەوطەمی جنسي ، کەپەیوەندی یا بەپیاوەیا ژنەوە هەیە .

3 طەوطەمی تاك کەسی ـ واتە تایبەتی بەکەسێکی دیاری کراو «کاتێك کە منداڵێکیان دەگاتە تەمەنی بالق بوون بەهۆی طەقسێکی تایبەتی یەوە ، طەوطەمێکی بۆ هەڵدەبژێرن ، وەیاخود لەو کۆمەلانەی کەدایکایەتی باوە . ئەو کەسە طەوطەمی دایکی و عەشیرەتی دایکی هەڵدەگرێت . بەشێوەیەکی گشتی لەو باوەڕەدان کەبنەرەتیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو طەوطەمە ، لەبەرئەوەی ئەو طەوطەمە پیرۆزە کەواتە عەشیرەتەکەش پیرۆزە ، هەربۆیەشە ژن و ژنخوازی لەناو عەشیرەتەکە خۆیدا قەدەغەیە ، ... طەوطەمیش نەسەر نەبڕێ و نەئەشخورێ تەنها لەکاتە تایبەتی یەکاندا نەبێ کە ناچار دەبن . «لەراستی دا ئەم باسە دورو درێژە وەباسێکی تایبەتیشە وە تالەسەری بدوێی کەمە لێرەدا بواری باسکردنیمان نی یە» .

## ئەفسانە ئایینیەکان .

طقوس و بیروڕا سیحری و ئایینیەکان بەشێوەیەك بەیەکەوە بەستراون کە ناتوانرێت لەیەك جودا بکرێنەوە ، هۆکەشی ئەو پاڕای و دڵەڕاوکێ و هەڵچونە دەرونی یەیە کە لە ئەنجامی کارەساتەکانی ژیان یا سەرنەکەوتن و نەهاتنەدی ئاوات و ئامانجێکی دیاریکراوە دێتە کایەوە ئەمە نەك لەلای

مرۆڤی سەرەتایی بەڵکو لە ئەمرۆی ئێمەشدا سەرنەکەوتن و نەهاتنەدی ئاوات و هیواکان زۆر کەس توشی بێهودەیی دەکات و پەنای پێ دەباتە بەر بڕوا هێنان بەجیهانە نەبووەکەی ئەودیو. ئینسانی سەرەتایی پەنای بردوتە بەر ئەو ئەفسانە ئاینیانە بەهیوای ئاسۆیەکی رونتر لەودنیا، بۆ ڕاکردن لەبارو دۆخی واقعی، واتە ئینسانی سەرەتایی ئاینی هێنایە کایەوە بۆ جێبەجێ کردنی ئاواتە نەهاتوەدیەکانی ئەم دنیا. کەواتە نەك ئاین ئەمی دروست کردبێ، هەروەها ئاین هوشیاریەکی زاتە هەست کردنە بەزات، لای ئەو ئینسانەی کەئێستا خۆی نەدۆزیوەتەوە، ئاین هۆشیاریەکی هەڵگەڕاوەی جیهانە، هەروەها جێبەجێکردنێکی وەهمیانەی بوونی ئینسانە چونکە واقعی راستی نەدۆزیوەتەوە خاوەنی کتێبی کوێرەوەری فەلسەفە دەڵێت (ئاین بەختیاری‌یەکی وەهمی ئینسانە).

لەنێو میتۆلۆژیای جیهاندا ئەو ئەفسانە ئاینیانە دەبینینەوە کە بە پلەی یەکەم لەدروست بوون و نەمان دەدوێ هەروەها لەبەهەشتی خەیالاوی ئەودنیا، کەبارو دۆخە کۆمەلایەتی‌یەکە پاڵنەری یەکەمە بۆ ئەم جۆرە بۆچونە، بوونی چەوساندنەوەو بێ دەستەلاتی مرۆڤ وای لێ‌دەکات ڕوبکاتە هێزێکی سەرو خۆی. «ئەم باسە گیروگرفتێکی گەورەیە تائەمرۆش شوێنی خۆی پاراستووە لە بیری خەڵکیداو ئەم هەویرە ئاو زۆر ئەکێشێ و لەمەندە زیاتر لەسەری ناڕوێن» هەر بەپێی ئەو دابەش کردنەی خاڵی یەکەم کەباسمان کرد ئەوا ئەفسانەی جنسی‌و تەندروستی .... هتد کەلێرەدا باسیان لێوەناکەین.

دابەش کردنی دوهەم بەم جۆرە دەبێت :ـ

1 ئەفسانەی گەردوونی ـ لێووردبونەوە لەسیستەی گەردوون، هەوڵدان بۆ شی‌کردنەوەی دیاردەکانی‌و سەرچاوەی سەرهەڵدانی ئەم جۆرەیە.

لەراستیدا دیاردە نی‌یە لەگەردووندا سەرنجی ئینسانی رانەکێشابێ، هەوڵی نەدابێ بۆچونەکەی لەقالبێکی ئەفسانەدا دابرێژێ، بەتایبەتی هەوڵدانی ئینسانی سەرەتایی بۆ شی‌کردنەوەی درووست بوونی گەردوون بەزەوی، ئاو، ئاسمان، رۆژو ئەستیرەکانی‌یەوە لەکۆتایشدا درووست بونی ئینسان. هەر لە چامەی دروست بوونی بابل‌یەوە الأنيما ایلیش»، وە دروست بوون لای سۆمەری‌و گریك‌و ڕۆمانی‌یەکان. بۆنمونە سەیری ئەم ئەفسانە یونانی‌یە دەکەین کەتێیدا هاتوە، جیهان لەسەرەتادا تاریکستانێ بوو، چاو چاوی نەئەدی، هیچ شتێکی تێدا نەبوو، نەئاو، نەخۆر، نەگڵ نەبەرد، نەدار، بەڵکو حاڵێکی شیواوی بەسەریەکدا‌چووی جێبەجێ نەکراو وناریك‌و پێکدا بوووانە بەمانای «عماء»، ئەو خوایەی کەباڵی کێشابوو بەسەر ئەم تەنەدا ناوی (کاوس) بوو بەهیچ شێوەیەك نەدەبینراو نەشێوەشی هەبوو، لەبەرێوەبردنی کاروباریدا ژنەکەی یاریدەی دەدا بەناوی (نوکس) خوای شەو لەدوایدا کورەکەی بانگکرد کەناوی تاریکی بوو «Erebus» تاشوێنی باوکی بگرێتەوە، یەکەم شت کەتاریکی کردی دایکی گواستەوە، ماوەیەك حوکمیان کرد دوومنداڵیان بوو ناویان نان روناکی (ایثر) و (هیرامیرا) رۆژی روناك.

شوێنی باوك‌و دایکیان گرتەوە ئەمانیش بوون بەژن‌و مێرد کوری یەکەمیان ناوی خۆشەویستی بوو «ایرۆس» بڕیاریان دا لەم بارە ئاڵۆزەدا شتێ دروست بکەن زەریاو (Ponty) زەوی (Terra) یان دروستکرد ... هتد تا دوای ئەفسانەکە (چەندان نمونەی‌ترلەوبابەتە)، ئەگەرلەم نمونەیە ووردبینەوە دەگەینە ئەو راستی‌یەی کەهەوڵێکی سەرەتایی مرۆڤە بۆ تێگەیشتن لەگەردوون‌و دروست بوونی گەردوون لەئەنجامی لێووردبونەوەیەکی زۆرەوە دەبینین سەرەتای بیری ماتەریالیزمی پێوە دیارە (بێگومان بەشێوە سادەو ساکاری‌یەکەی)، چونکە رازی نابێ بەوەی کە بڕوا بهێنێ بەدرووست بوون لەنەبونەوە «خلق من العدم».

لەژێر کاریگەری دەوروپشتدا بەهۆی سەرچاوەی یەکەمی زانینەوە واتە هەست (احساس) «بەهۆی ئەندامانی هەستکردنەوە، کەقۆناغی یەکەمی زانینە»، کەواتە بیرێکی سەرەتایی بۆگەردوون بێ‌ئەوەی هێزی ئەودیو سروشتی بخاتە سەر تائەوەی کەهەیە لێی بکۆڵرێتەوە، ئەم ئەفسانەیەو جۆرەکانی‌تری لەم بابەتە لایەنی واقیعی بیری سەرەتایی مرۆڤ نیشان دەدەن‌و دەتوانین وەکو بەڵگەیەك بەرپەرچی قوتابخانە ئایدیالیزمیەکانی پێ بدەینەوە کەدەڵێن ئینسان هەر لەسەرەتاوە بڕوای بەگیان «روح» هەبوەو بڕواشی بەدروست بوون لەنەبووەوە هەبووە.

خۆسەپاندنی ئەم ئەفسانەیە وەکو رەگێك لەسەر

فەلسەفە بەڕوونی دیارە بەتایبەتی لای فەلسەفەی یونانی کۆن ، هەر لە طالیس‌وە بۆ انکیماندریس‌و انکساغوراث‌و هیراقلیطس‌و دیموقریطس‌و انبادوقلیس‌و بۆ افلاطون‌و ارسطو .... هتد . یەکێك لەجیاکەرەوەکانی فەلسەفەی یونانی ئەوەیە بڕوا نەهێنانە بەمەبدەئی بوون لە نەبونە وە (خلق من العدم) نەك لەبیری ماتەریالیزمی کۆنی یۆنانیدا بەڵکوتەنانەت فەلسەفەی ئایدیالیزمی یونانیش لەسەروهەمویانەوە ئەفلاطون بڕوای بەم مەبدەئە نی‌یە ، لای ئەفلاطون حاڵەتێکی فەوضاو بەسەریەکدا کەوتوو ، واتە تەنێکی بێ‌سنوور «لامُناهي» واتە دیاری‌نەکراو لەهەموو لایەکەوە ، ئەمە خاسیەتی یەکەمی بوونە تاوەکو دروست‌کەر «صانع» دێت‌و ڕێك‌وپێکی دەخاتە ئەم تەنەوەو جوانی دەداتێ «ئەفلاتون زۆر ئەفسانەی تری بەکارهێناوە لەوانە ئەفسانەی ئەشکەوت (اسطورة الكهف) کەلەراستیدا درێژە پێدانی ئەفسانەیە» کەواتە لەسەر ئەوە ڕێککەوتین کە بوون هەر هەبووەو هەردەمێنێ . خوێنەگەر لەتیوری لاپلاس‌و کانط ووردبینەوە . واتە تیۆری (سەدیمی) کەدەڵێت لەسەرەتادا گەردوون کۆمەڵە گازێك کەلەشێوە سەدیمی‌دا بوە بێ‌سنوور تا لە ئەنجامی گوڕانکاریدا پارچە پارچەی لێ‌بوتەوە ، ڕۆژ ، زەوی ، عطارد ... هتد دەست لیك‌نزیك‌بونەوە هەیە لەو خاڵەدا کەماتەر ئەزەلی‌یەو هەردەمێنێ .

**ئەفسانەی هۆکاری .**

گەڕان بەدوای هۆی هەمووشتێك بوون‌و بنچینەکەی یاخود دیاردەیەکی دیاری‌کراو ئینسانی سەرەتایی خەریك کردووە ، ئەم هەموو هەوڵ‌و کوششەی لەم جۆرە ئەفسانەیەدا دەبینینەوە بۆ ؟؟ هەر لەبنەرەتەوە دروشمی ئینسان بووە ، بۆدەبێ ڕۆژ لە ڕۆژئاواوە ئاوابێ وەلەڕۆژهەلاتەوە هەڵبێت ؟ ئەی بۆ دەبێ مانگ لەرۆژدا دەرنەکەوێت ؟ هۆی بومەلەرزە دەبێ چی‌بێت ؟ کەواتە گەڕان بەدوای وەلامدا مەرجیش نی‌یە بگاتە ئەنجام .

لەمیتۆلۆژیای یۆنانیدا بەم شێوەیە بومەلەرزەیان شی‌کردۆتەوە .

«انسیلودیس ئەو گیان‌لەبەرە گەورەیە کەبەزنجیر لەژێر چیای ئتنادا بەستراوەتەوە زۆر جار لەهەناسەیەوە ئاگر دێتەدەرەوە «شی‌کردنەوەی بورکان» هەروەها لەبەر گەورەی لەش‌و لاری کەدەجوڵێتەوە دەبێتە هۆی دروست بونی بومەلەرزە . لەسەرەتادا» مانگ‌و ڕۆژ بەیەکەوە بوون لەگەڵ منداڵەکانیدا واتە (ئەستێرەکان) لەبەر زۆری منداڵەکان وەڕس بوون ، بڕیاریان‌دا بەشیان کەن‌و هەرکەسە بەشی خۆی فڕێداوەتە ناو ئاوەوە ، خۆر لەپێشدا دەست‌پێشکەری خۆی‌کرد ، بەلام مانگ خیانەتی لێ‌کردوو بەم کارە هەڵنەسا ، لەوڕۆژەوە خۆر ڕقی هەڵساو بڕیاری‌دا ئیتر لەگەڵیدا هەڵنەیەت چونکە زوێرن لەیەکتر «لەڕێی ئەم ئەفسانەیەوە هەوڵیان‌داوە هۆی هەڵنەهاتنی مانگ یادەرنەکەوتنی لەگەڵ ڕۆژدا لیك‌بدەنەوە بەم شێوە سادەو ساکاری‌یە» .

**ئەفسانەی شارستانیەتی .**

ململانێ‌ی ئینسان بۆ گواستنەوە لەحاڵەتی سروشتی‌و ڕاوکردنەوە بۆ حاڵەتی جێ‌نشین‌بوون‌و خۆخەریك‌کردن بەکشتوکاڵەوە ، واتە بارێکی شارستانی‌یەتی تر بۆتە هۆی ئەوەی چەندان ئەفسانەمان بۆ بەجێ‌بێڵێ کەدەربڕینێکە لەو ململانی شارستانی‌یەتی ، بۆ نمونە لای هیندە سورەکانی «باسفیك» جۆرە ئەفسانەیەك هەیە دەتوانین لەڕێی شیکردنەوەی ئەفسانەکەوە بەجۆری ژیانیان ئاشنابین ، لەسەر ڕاوەماسی دەژین هەندێ‌جار کە ئاوکەم دەبێ ناچارن لەشوێنێکەوە بگوێزنەوە بۆ شوێنێکی‌تر ئەم واقیعی ژیانە لەئەفسانەکانیاندا ڕەنگی‌داوەتەوە «مەڵوتان نی‌یە نمونەکە بهێنینەوە» .

**«ئەفسانەی طقوسی»**

زۆر لە توێژەرەوەکان بەبەشێکی گرنگی دادەنێن لەئەفسانە ، نەك ئەوەندە بەڵکو زۆر لەوانە لەڕێ سیحرو طەقسەوە ئەفسانە شی‌دەکەنەوە ، فریزەر دەڵێ «سەردەمی ئینسانی سەرەتایی سەردەمی ئەفسانەو سیحربووە کەبەزانست دەچێ لەسەر ئەوباوەڕەوە بەسیستەمی دیاردە سروشتی‌یەکان چ لای ئینسانی سەرەتایی وەچ لای ئێستاناشنادەبێ . هەروەها دەڵێت سیستەمی سیحر لەسەر پێوانەیەکی ئاوەژوویەندە ، بەلام زانست لەسەر تێبینی ووردی دیاردە سروشتی‌یەکان بەندە .

کەواتە ئەوەی سەرنج ڕادەکێشی هۆیەکە بۆ زاڵ‌بوون بەسەر سروشتدا ، بۆنمونە ئینسان سەیری هەوری نەکردووە وەکو هۆیەك بۆ باران بارین ، بەڵکو لەکاتی بێ‌بارانیدا

بەطەقسێکی سیحری هەڵساوە ئەوەی کردوٚتە هوٚیەك (علە) بوٚ ئەنجامەکەی واتە (معلول) ، یاخود طەقسی جەنگ لای کوٚمەڵی سەرەتایی پێشتر بەچەند کارێك هەڵساون بوٚ بەدەسهێنانی سەرکەوتن ئێستاش لەکوٚمەڵە سەرەتایی یەکاندا پێش ئەوەی هێرش بەرن هەڵدەسن بە طەقسێکی دیاریکراو .

لێرەوە هەندێ لەلێتوێژەرەوەکان واباسی ئەفسانە دەکەن کە بەشێکی بێژراو (منطوق) بێت شان بەشانی طەقسە سەرەتایی یەکە ، فریزەر دەڵێت لەوە دەچێت هەڵەمان نەکردبێ ئەگەر بڵێین زوٚربەی ئەفسانەکان کەئێستا دەیزانین لەکاتی خوٚیدا بەرامبەرەکەی طەقسێکی تایبەتی بووبێت یاسیحر یا جوٚرێکی تایبەتی لەسیحر وەکو هوٚیەکی باش (ایجابی) بوٚ کاردانەوەی کارەساتەکە نواندن ئاسا ، ئاهەنگەکان دەمرن و ئەفسانەکان دەمێننەوە ، بەدرێژایی مێژوو کاری طەقسەکە وەکو جوڵانەوەو هێما بەجێ دەمێنێت و ئەفسانە وەکو دەقە (بەشەبێژراوە) کە دەمێنێتەوە .

**«ئەفسانەی رەمزیی»**

لەو بەشەی‌تر ئاڵوٚزترەو جیا دەکرێتەوە بەبەکارهێنانی رەمزو مەجاز ، شی‌کردنەوەی رەمزەکانەوە ، لەبوٚچوونەکانی ئینسانی سەرەتایی دەگەین چونکە ئینسانی سەرەتایی خاوەنی ئەوتوانایە بووە کەرەمز بەکاربهێنێت وەکو کاسیرەر دەڵێت «ئینسان بونەوەرێکی خاوەن رەمزە» . زوٚربەی ئەو ئەفسانانە دەتوانرێت لەرێی شی‌کردنەوەی رەمزەکانیانەوە لەمەبەستی ئینسانی سەرەتایی بگەین ، لێرەدا فروٚید زوٚربەی ئەو رەمزانە بە رەمزی سێکسی دەداتە قەڵەم وەکو دەربڕینێکی ئەو ئاوات و ئارەزوانەی کە لە لاشعوردا کەپت بووە . لای یوٚنگ بریتی یە لەکاردانەوەیەك بوٚ دەورو بەر لە « لا شعوری جەمعی» دا . ئینسانی سەرەتایی پەنای بردوٚتە بەر جەرەس بوٚدەرکردنی جنوٚکەو شەیتان لەدوایدا جەرەس بوٚتە رەمز بوٚ ووریاکردنەوە ...

بەشی دوهەم ـ «ئەو قوتابخانانەی یا ئەو تیوریانەی کە لە سەرهەڵدانی میتوٚلوٚژیا دەکوٚڵنەوە» یا ئەوی راستی بێت وەکو پێشتر وتمان بابەتی میتوٚلوٚژیاو سەرهەڵدانی و پاڵنەری یەکەم بوٚ درووست بوونی بەم شێوەیە یا بەو شێوەیە ، چەندان قوتابخانەی لەدەورخربوٚتەوە ، لێرەدا هەندێ لەو تیوٚری «نظریة» یا قوتابخانانە دەدوێین ، بێ‌درێژەپێدان ولەسەر ڕوٚشتنێکی ئەو کەسانەی کەپەیرەوییان کردووە بێ ئەوەی دەست درێژ بکەین بوٚ فلانە فەیلەسوف و ڕای بەرامبەر بەمیتوٚلوٚژیاو یافیسارە نووسەر لەم حاڵەتەدا دەچینە ناو ووردەکاری‌یەوە ئەوەش لێرەدا ناگونجێت .

1 قوتابخانەی[٣] دیاردە سروشتی‌یەکان یاخود فیلوٚلوٚجی (علم الفقه لغة) ئەم قوتابخانەیە پێ‌لەسەر ئەوە دادەگرێ کەدیاردە سروشتی‌یەکان سەرچاوەی یەکەمی ئەفسانەی ئینسانی سەرەتایین بەتایبەتی گرنگی‌دان بەخوٚر ، ئینسانی سەرەتایی لەدیاردە سروشتی‌یەکانەوە هەنگاوی ناوەبەرەو پەرستنی ئەو دیاردانە .

لێرەدا پرسیارێك خوٚی دەسەلمێنی ئەم کارە چوٚن بوو ؟

ماکس موٚلەر بەدامەزرێنەری ئەم قوتابخانەیە دەژمێررێت و یەکێکە لەو زانایەی کەخەریکی زمانی سانسکریتی (هیندو ئەورویی) بووە ، لەو باوەڕەدایە هوٚی یەکەمی پەرستنی دیاردە سروشتی‌یەکان لای ئینسان ئەو دیاردەیەیە کە موٚلەر نەخشەیە بوٚ زمان دەکێشێ دابەشی دەکا بەسێ قوٚناغەوە .

لەسەرەتادا ئینسان واسەیری دیاردە سروشتی‌یەکانی دەکرد لەبوٚچوونێکی واقیعی سادەو ساکارەوە ، واتە تێگەیشتنێکی عەمەلیش لەگەڵیدا تالەدوایدا ووشە ڕوون و ئاشکراو چەمکەکانی تێکەڵ بەیەکتر دەکردو ئاڵوٚز دەبوون تا وێنەی خەیاڵی و ئەفسانەیی لێ دروست دەبوو ، یەکێ لەرووەگرنگەکانی زمان وەکو لەکاروانی ئینسانی‌یەتدا ئەوەیە بەکارهێنانی مەجازو وەرگرتن لەتوخمە سروشتی‌یەکان بوٚ دەربڕین لای ماکس موٚلەر سەرچاوەی یەکەمی ئەم وەرگرتنە دەبەستێتەوە بەدیاردە سروشتی‌یەکان ، هەروەها زمانیش وەکو هوٚیەك بوٚ دەربڕینی بیروڕا (فکرة) ، دوٚرکهایم دەڵێت مولێر ئامانجی پێکاوە لەوەی کە دەڵێت ئەگەر ووشە نەبوایە بیرو چەمکیش نەدەبوون ، زمان بەرگێکی بیر (فکر) نی‌یە بەتەنها بەڵکو یەیکەرەکێشی .

ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمان ئەوەیە چوٚن چوٚنی موٚلەر سەیری ئەفسانە دەکات ، وەکو ووتمان دەیبەستێتەوە بەدیاردەی نەخوٚشی زمانەوە ، بەم شێوەیە ئینسانی سەرەتایی بەهوٚی ووشەی هەست پێکراوەوە بیروڕاکانی دەردەبڕێ هەر بابەتە یادیاردەیە دەبوو ناوێکی لێبنێ بەهوٚی یەکێ

لەتایبەتمەندێتی یەکانەوە، بەلام هەمان بابەت دەبوو ناوێکی تری لێبنێ بەهۆی تایبەتمەندێکی ترەوە، لە ئەنجامی نزیکی جۆری شتەکانا ناوەکانیان بەیەکدا دەچوون، زۆر ناو دەبوو بێ «ناونراو» واتە (اسم بلا مسمى) بەمانای هیچ شتێک نی یە بەرامبەرەکەی تا دەلالەتی لێبکات، وەصفکردنی شتەکان زیا لەچەند ناوێك بووە هۆی سەرهەڵدانی چەندەها ووشەی خەیالاوی، بۆ نمونە رۆژ پەنجا ناوی هەبووە لەوانە دروشانەوە، رم هاوێژ ... هتد. هەندێ لەو ناوانە جیابونەوە وەکو ناوێکی سەربەخۆ بێ ئەوەی دەلالەت لەرۆژ بکەن.

لێرەوە بەیەکدا چوونی چەمکەکان بوە هۆی دروست هێزی خەیالاوی واتە دانەپاڵی هێزی ئەودیوو سروشت (ماورائیە) بەسەر دیاردە سروشتی یەکانەوە، لێرەشەوە هەنگاونان بۆ پەرستنیان کەواتە لای مولەر ئەفسانە تەنها شێوەیەکی ڕوکاری دەرەوەی زمانە لەڕوکارە سلبیەکانی لەئەنجامی سروشتی زمان خۆیەوە سەری هەڵداوە.

ئەوەی کەکەس لاری لێنی یە ئەوەیە کەلەمێژووی هەمووزمانێکدا وەرگرتن و لێك جودابونەوەی چەمك و ووشە هەیە، بەلام ئەوەی کەکەسی ڕازی ناکات ئەوەیە کەئەفسانە بگەڕێنینەوە بۆ دیاردەی زمان بەتەنها، لێرەوە چەند رەخنەیەك ئاراستەی ئەو قوتابخانەیە کرا لەوانە پێداگرتنێکی زۆر لەسەر زمان و، وەلاوەنانی گوران کرایە مێژوویی یەکان و گوێنەدان بەجۆرەکانی تری ئەفسانە.

## قوتابخانەی ئەنترۆپۆلۆژیا «علم الانسان»

بەهۆی پەلهاویشتنی ئیستعمار بۆ داگیرکردنی بازەڕەکانی دەرەوە، دەستگرتن بەسەر وولاتانی تردا لەئەمریکای لاتینی و ئاسیاو ئەفریقادا بۆ جێبەجێکردنی مەبەستەکانیان. پێویستیان بەشارەزابوون لە داب و نەریت و شێوەی بیرکردنەوەو مێژوو جوگرافیاو ئەدەبیاتی ئەم میللەتانە بوو، کەئەمانە چاویان لێبڕیبوون، ئەم بارە بووە هۆی کەلەکە بوونی کۆمەڵێك ئاگاداری نامە دەربارەی شێوەی ژیانی ئەم میللەتانە بەهۆی لێکۆڵینەوە ئەمبریقیەکانەوە «دراسات المیدانیە»، ئەمە دادەنرێت بە هۆیەك نەك هەموو هۆکان بۆ سەرهەڵدانی ئەو زانستەی کەپێی دەوترێت ئەنترۆپولۆژیا.

تایلۆر لەکتێبەکەیدا شارستانیەتی سەرەتایی «حضارة البدائیة» لەو بۆچونەوە کەئەفسانە بنەمایەکی گیانی ڕۆحی» هەیە، واتە (Ainism) قسەدەکات هەموو دیاردەکان دەبەستێتەوە بەرۆحەوە، واتە ئینسانی سەرەتایی ڕۆحی کردووە بەبەری هەمووشتەکاندا، ئەم سەرچاوە رۆحی یە بوتە هۆی درووست بوونی، ئەی چیوای لەئینسانی سەرەتایی کرد بڕوا بەگیان «روح» بهێنێت.

هەندێ حاڵەتی خەوو زیندەخەو، وڕینەو مردن سەرنجی ئینسانی راکێشاوە، کاتێ کە دەنوست هاورێکانی لەو باوەڕەدابوون بۆبوونی شتێکی ناماتەری (نامادی) لەدەرەوەی لەشی ئینسانەکەدا، واتە بوونی رۆح لەخەویدا هاوری وکەس و کارە مردوەکانی دەدی لەئەووایە ڕۆحەکەی گیانی چووە بۆلای ئەوان، تەنانەت هیندی یە سوورەکان لەو باوەڕەدان ئەگەر یەکێ لەخەودا شەڕیان پێبفرۆشێ بۆ بەیانی یەخەی دەگرن چونکە بەراستی لەوەدەگەن کە ڕۆحەکەی ئەو شەو هاتوەو شەڕی پێفرۆشتووە.

بەڕای تایلور ئەم بڕوا هێنانە بەرۆح سەرچاوەی یەکەمی ئەفسانەیە، واتە ئەگەر ئەفسانەکان ووردبینەوە سەپاندنی گیان بەڕوونی دیارە بەسەر دیاردە کۆمەلایەتی و سروشتی یەکاندا. ئەم ڕایە لەبۆچونێکی ئایدیالیزمانەی نازانستی یەوە قسەدەکات، چونکە ئێمە دەبێت جیاوازی بخەینە نیوان (زیندەوەرانێتی) «الاحیائیة» وە «الروحانیة» رۆحیانەتی، کە زیندەوەرانێتی* لەسەرەتای ژیانی ئینساندا واباو بووە ئەم قوناغە سەدەی بەردینی کۆن دەگرێتەوە، کەشێوەی یەکەمی کۆمەڵ ئینسانی دروست بوو لەگەڵیشیدا هوشیاری سەرەتایی گەشەی کرد، ئینسانی ئەوکاتە لەدیاردە سروشتی یەکاندا سەرچاوەی هێزێکی زیندوی دەبینیەوە، واتە هیچی نوێتری نەدەخستە سەرو هیزی ئەودیوو سروشتی بۆ زیاد نەدەکرد، بەمشێوەیەهوشیاری ئینسانی یەکەم پێش هوشیاری ئایینی و ناواقیعی کەوتووە کەئەمەی دواییان ڕێ خۆش کەریك بوو بۆ بیروباوەڕی ئایدیالیزمی.

## (قوتابخانەی مەلەڤ مێژوویی)

هەر لە ناوەکەوە لەوە دەگەین کە ئەم قوتابخانەیە گرنگی دەدات بەمێژوو ئەفسانەش دەبەستێتەوە بەقوناغەکانی

پێشووی مێژووەوە ، لەو بۆچوونەوە کەدەشێت ئەو کارەساتانەی کە لە ئەفسانەدا هاتوون لەواقیعدا ڕوویان دابێتو ئێستا لە شێوەی ئەفسانەدا بۆمان بەجێماون ، بەلام لەدوای تێکەڵبونی ئەو ڕوداوانە بەخەیاڵو بیرکردنەوەی عەفەویانەی کۆمەڵە سەرەتایەکان کە ڕووی ڕاستی بابەتەکەی شێواندووە .

## قوتابخانەی شیکردنەوەی دەروونی «التحليل النفسي»

فرۆیدیزم تەنها لەبواری دەرونناسی تاکە کەسییەوە نەوەستا کە نەخۆشە «عصابیەکان» بگرێتەوە بەڵکو وەکو مەنهەجێك پەڕیەوە بۆ مرۆڤی لەش ساغو وەکو مەنهەجێکیش بۆ شیکردنەوەی دیاردە کۆمەلاییەتییەکان ، ئەدەبو هونەرو شیکردنەوەی شارستانیەتی کۆمەڵە سەرەتاییەکان ، لەبۆچونە بنەرەتییەکانی فرۆیدەوە کە بەدامەزرێنەری قوتابخانەی شیکردنەوەی دەروونی دەژمێررێت وەکو اریك فرۆم دەڵێت «فرۆید پێیخوشە بەداهێنانی خۆی لەقەڵەم بدرێت» .

فرۆید جیاوازی دەخاتە نێوان دوو جۆر لەغەریزە یەکەم غەریزەی ناسیکسی (غير الجنسية) کەهەڵدەسێ بەپاریزگاری خود واتە (ذات) بەکەمێك لەهەڵچونەوە سەرشۆردەکات بۆ ناچاری واتە «ضرورة» بۆ تێربوون لە «لذة» چێژ وازدەهێنێ بۆ مبدەئی واقیع .

دوهەم غەریزەی سێکسی (اللبيدو) بوهەڵچونێکی زۆرەوە تەمەڕد لەواقیع دەکات ، لەبەر ئەوەی منی هوشیار واتە خاڵی یەکەم دەسەلاتی بەسەر ژیانی هۆشیاریماندا گرتووە ئەو «اللبيدو» دەستەوستان دەبێت لەبەردەمیدا لێرەدا کەبت ڕوودەدات . کەواتە ئەو ئارەزوو ئاواتە سێکسیانە لە «لاشعوردا» کەبت بوون ناتوانن سەر دەربهێنن تەنها لەڕێی خەوو زیندەخەوەوە نەبێت تالەڕێی ئەوە خۆیان خاڵیبکەنەوە ، لەودیو تاریکی لاشعورەوە هەوڵدەدەن بۆ تێربوون ئەمە دەبێتە هۆی دروست بوونی گرێ (عقدة) گرێش کۆبونەوەی ئارەزووە کەپت بووەکانە کە لە غەریزە سێکسییەکانەوە سەری هەڵداوە ، منداڵ دەیەوێ چێژ لە دایکی وەربگرێ ، بەلام هەست دەکات باوکی بۆتە ڕەقیبێ لەبەردەم ئارەزووەکەیدا . لای فرۆید غەریزە سێکسییەکان بنەڕەتین ، بەتایبەتی گرێی ئۆدیب دەبێت بە خاڵێکی مەرکەزی بۆ تێڕوانینی هەموو خەوکارو شاکارێکی هونەریو لەگەڵیشیاندا میتۆلۆژیا .

باجارێکی تر بگەڕێینەوە بۆ دوا دابەشکردنی ئاستی دەروون لای فرۆید ، لەبەرهەمەکانی دوایی ژیانیدا ، بەم شێوەیە .

1 - ئەو (الهو) دەوری تویژێکی قوڵ لەئاواتو ئارەزوە لاشعورییەکان دەبینێت ، بنەمای چالاکی تاکە کەسە .

2 - من (الأنا) بواری شعورە ئەڵقەیەکی ناوەندە لەنێوان لاشعوردا وەکو جیهانی ناوەوەی مرۆڤو لەنیوان واقیعی دەرەوەدا کە هەڵدەستێ بەهاوسەنگ کردنی لاشعور لەگەڵ واقیعدا ، لەگەڵ ئامانجو پێویستی دەرەوەی سەپێنراو .

3 - منیبالا (الأنا العليا) .. ویژدانی ناوەوەی کەسایەتییە ، پلەیە دەوری عاداتو تەقالیدو بڕوا کۆمەلایەتییەکان دەبینێ .

وەکو لەپێشاندا وتمان فرۆید ئارەزووە سێکسییەکان دادەنێت بەبنەمای ئارەزوە سەرەتاییەکان کە دەبنە سەرهەڵدانی نەخۆشییە عەصابیەکان ، نەك ئەوەندە بەڵکو هاوبەشی دەکەن لەدروستکردنی بەهابەرزەکاندا ، جا چ ڕۆشنبیری بێت یاهونەری وجوانکاری یا ئەخلاقی .... هتد ، لێرەوە فرۆید بۆ سەلماندنی گریمان کاریەکانی پەنا دەباتە بەر میتۆلۆژیاو کارە ئەدەبیو هونەرییەکان ، بەلام لەدواییدا فرۆید جیاوازی دەخاتە نێوان ئارەزووە بنەرەتیەکانی (سێکسی)و ئارەزووەکانی من (پاریزگاری ذات) . ئارەزووە بنەرەتییەکانیش لەدوو سەرجەم پێك هاتوون ، ئارەزووی دروست کردنو ئارەزوی تێکدان ڕایدویس و غەریزەی مردن (تاناتۆس) .

فرۆید لەڕوانگەی قوتابخانەی شیکردنەوەی دەروونییەوە هەوڵیدا خۆی لە قەرەی شیکردنەوەی بیروڕاو ویژدانی میللەتە سەرەتاییەکان بدات ، لەکتێبی (الطوطمية والحرام) لەبەر ڕوشنایی ئەو ئەنجامانەی کە دەستگیری بوو بوو لەلێکۆڵینەوەکانیدا لەسەرمنداڵ لە نەخۆشی (فۆبیای منداڵ) واتە حالەتی ترس . ئەم حالەتەش لای منداڵ بەم شێوەیە دروست دەبێت ، بەترس لەئاژەڵێکی دیاریکراو ئەمە لەلایەك ، گرنگیدان پێی لەهەمان کاتدا دەشیەوێت دوری خاتەوە لەدایکی ، ئەم بۆچوونە بەسەر مێژووی مرۆڤایەتیدا

دەسەپێنێت ، چونکە قۆناغی منداڵی‌و مرۆڤە سەرەتاییەکان لێك دەچن(*) .

لەمیتۆلۆژیای یۆنانیدا هاتووە لایۆسی پاشای (طیبە) لەرێی پێش‌بینی خواکانەوە زانی کەمنداڵێکی دەبێت‌و دەیکوژێت‌و ژنەکەشی «جوکاستا» واتە دایکی خۆی مارەدەکات ، کاتێ کەمنداڵەکە «ئۆدیب» لەدایك بوو دایە دەست یەکێ لەپیاوەکانی تابیکوژێت بەڵام بەپێچەوانەوە بردی دوری خستەوە دایە دەست یەکێ لەپیاوەکانی پاشایەکی دی تاکۆتایی کەئاشکرایە لەلای هەموو لایەك بەرێکەوت پێش بینیەکە دێتە دی‌و ئۆدیب باوکی خوی دەکوژێ‌و دایکی خۆی مارەدەکات ، پاشان راستی مەسەلەکە ئاشکرا دەبێت‌و چاوی خۆی کوێر دەکات ، فروید ئەمە دەکات بەبنەرەتی بۆچونەکانی ، دەشی بەستێتەوە بەبیرکردنەوەی ئینسانی کۆمەڵە سەرەتاییەکان .

بەرای فروید لەکۆمەڵە سەرەتاییەکاندا وەکو کۆمەڵە ئاوەڵیەکان ، نێرینەیەك واتە پیاویك دەسەلاتی گرتووە بەسەر پیاوەکانی تردا . هەموو ئافرەتەکانی بەکارهێناوە بۆکاری سێکسی بەرای فروید لەژێر کاریگەی گرێی ئۆدیب‌دا واتە ئارەزوی رابواردن لەگەڵ دایکیاندا ، منداڵەکان کۆبونەوەو باوکیان کوشت ، بەڵام ئەم کارە لایان مایەوە زۆر جار بەیادکردنەوەی خۆشحاڵ دەبوون یاخود پەشیمانیان حاصل دەکرد ، طەوطەمێکیان وەکو دروشمی هەڵبژارد بۆ رەمزی باوکیان ، لێرەدا ژن هێنان لەناو ئەو خێڵەی کەباوکیان تێدا کوشت قەدەغەبوو گیانداریك یا رووەکێکیان کردە طەوطەمی خۆیان‌و لەشوێنی باوکیان دەستیان کردە پەرستنی ، لێرەوە فروید سەرجەم ئەو میتۆلۆژیاو بیروڕا ئایینی‌و سیحریانەی کۆمەڵە سەرەتاییەکان دەبەستێتەوە بەم بارە دەرونی‌یەوە وەکو دەربرینێکی «اللبیدو» غەریزە سێکسیەکان لەلایەکی ترەوە لەژێر دەسەلاتی ئەو دەسەلاتە دەرەکیەدا کە لە یادکردنەوەی دەسەلاتی باوکی لەسەر دەرون .

میتۆلۆژیا دەربرینێکی ئەو ئاوات‌و ئارەزوانەی «لا شعور»ە کە کەبت بووە لەجیهانی واقیعدا نایەتەدی تەنها لەرێی خەو خەیاڵەوە نەبێت ، ئەگەر لەو رەمزانە بکۆڵینەوە ئارەزوی ئینسانی سەرەتایی بۆ بەرەڵایەتی سێکسی دەبینینەوە .

لێرەوە بەپێویستی دەزانم کەلایەك بکەینەوە بەلای بۆچونی فرویدا بەرامبەر ئایین‌و ئایینی میللەتە سەرەتاییەکان .

مرۆڤی خاوەن باوەڕی ئاینی کەهەڵدەستێ بەجێبەجێکردنی کاروباری ئاینی لەم حاڵەتەدا کرداری کەبت بوونی ئارەزووە لاشعوری‌یەکان ئەنجام دەدات ، ئاین لەپرۆگرامە سایکولوژیەکەی فرویدا رۆڵی داکۆکی دەبینێت ، کە مرۆڤ دژی ئارەزوە لاشعوریەکان پێی هەڵدەستێ لە دواپید شێوەیەکی مەجازی وەردەگرێت . مرۆڤ لەرێگەی طەقسی ئایینی‌یەوە واز لە خێرو خۆشی‌و چێژی ئەم دنیا دێنێت بۆئەوەی ئارام بگرێت تا ئەو دنیا واتە سەرشۆرکردنی مەبدەئی چێژ (اللذة) بۆ مەبدەئی واقیع .

لەکتێبی (پاشەرۆژی وەهم (مستقبل الوهم)دا خۆی لەقەرەی باسێکی دی دەدات ، ئەویش سەرهەڵدانی ئاینە کۆنەکانە کەدەیگەرێنێتەوە بۆ لاوازی و بێهێزی مرۆڤ بەرامبەر سروشت ، هەروەها وەکو پێویستی‌یەکی پاریزگاری لەخودی خۆی لەهێزە نادیاریەکان ... [فروید روو بەرووی کۆمەڵێك رەخنە بوەوە هەر لەسەردەمی خۆیەوە ولەسەر دەستی قوتابیەکانیەوە ، جاچ جای ئەورەت‌دانەوەیەی قوتابخانە دەرون ناسی یەکانی ئەم سەردەمەو بەتایبەتی دەروننـاسی ماتەدیالیزمی ، ئەمەش بەهۆی ئەو زەمینە ئایدیولوژیەی فرویدەوە کە هیچ پاڵپشتێکی نی‌یە . ئێمە لێرەدا هەوڵمان داوە بە ئەمانەتەوە راکانی فروید بخەینە روو ، ئەمە مانای وانیە کەئێمە لەگەڵ فرویدا یەك‌دەگرینەوە ، نەء بەڵام هێنانە گورێی رەخنە لەفروید مەسەلەکە دوورتر دەخاتەوە ، ئەو بۆچوونەی کەخۆمان باوەرمان پێیەتی پێ‌بەپێ لەگەڵ باسەکەدا هاتووە) .

مامۆستا مالنفسکی لەکتێبەکەیدا (سێکس‌و کەبت لەکۆمەڵی سەرەتایدا) بەرپەچی فروید دەداتەوە لەمەسەلەی گرێی (ئۆدیب)دا ، فروید دەیەوێت بەسەرگشت مرۆڤایەتیدا تەعمیمی بکات ، مامۆستای ناوبراو لەلێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی خۆیدا دەربارەی خێزانەکانی (تربریاند) کەرژێمی دایکایەتی زیاتر تێدا باوە ئەوە دەسەلمێنێت کەمنداڵ لەم خێزانەدا هیچ رق‌و کینێکی نی‌یە بەرامبەر بەباوکی بەپێچەوانەوە لەخۆشەویستی زیاتر ، لەجێی باوکی رق‌و کینەکە گوێزراوەتەوە بۆلای خاڵی منداڵە چونکە نزیك ترین کەسە

لەپشتەوە بەدایکی ، هەرخاڵی منداڵەکەش دەوری ڕەقیبیش دەبینێت بەسەریەوە ... تا دوای باسەکە ..

هەروەها کارل یونگ (1875 — 1961) کەزانایەکی دەرونی سویسریە وەکو قوتابیەکی فروید لەسەر هـەمان ڕێو شـوێن نەڕۆیشت ، لای یونگ غەریزەکانی مرۆڤ سروشتێکی ڕەمزیان هەیە زیاتر وەك لەبایولوژی ، لەو بـڕوایەی کـەرەمز شتێکی جیانەکراوەیە لەدەروون لاشعور چەند بیروڕایەك دەخولقێنێ کەشێوەیەکی ڕەمزی وەردەگرێت وەکو ڕەگەز شێوەکاریەکانی کە ناویان دەبا بە (انماط الاولیە) نەمەطە بنەڕەتیەکان کەلای گشت مرۆڤایەتی باوەو سەراپا گیرو هەمە لایەنەیە .

لای‌یونگ وەکو پاشماوەیەکی دەروونی قووڵ ماوەتەوە لەئەنجامی کەڵەکەبوونی تاقی‌کردنەوەی ژیانی هەزارەها ساڵی مرۆڤ ، ژیانی ململانێ لەپێناوی مانەوەدا نەك بەتەنها لای تاکە کەس بەڵکو لای ڕەگەزی مرۆڤایەتی بەگشتی ، هەروەها تـەنها ڕابـووردو لەخۆ نـاگرێت بـەڵکو بـەشێکیشی لەئاوات‌و ئارەزووی پاشە ڕۆژیانەش هەڵدەگرێت .

چـەمکی (لا شعوری جـەمعی) یەکێکـە لەو چـەمکـە سەرەکیانەی یونگ بەکاری دەهێنێت کەبـریتی‌یە لەپـاشماوە شاراوەکانی ڕابـردووی مرۆڤ ، قـۆناغی ئـاژەڵیانـەی پێش مێـژوو ، هەروەهـا مێـژوو ، وەکـو عـەمـارێکی (نـەمـەطە بنەڕەتیەکان) لەم بۆچونەوە یۆنگ لەئـەفسانـە دەکوڵێتـەوە ، وەکو پاشماوەیەك لە ( لا شعـوری جمعی)دا کەسـەرچاوەی هێزێکی ڕۆحی‌یە .

**«هەڵوێستەیەکی فەلسەفی لەبەردەم ئەفسانەدا»**

لێتوێژینەوە لەئەفسانە وەکـو بابـەتێکی ڕووت (مجرد) وەهێما نەکردن بۆ ئینسان وەکو بـونەوەرێکی کـۆمەڵایـەتی‌و قوناغـەکانی کـە پێدا تێ‌پـەڕیوە کـارێکی نازانستیـانەیـەو لەراستی بـاسـەکـەمـان دوور دەخـاتـەوە ، گیـروگـرفتـە فەلسەفی‌یەکە نەك چارەسـەر ناکات بەڵکو ئاڵۆزتـری دەکات ، پێش هەموو شتێك بەڕای من توێژینەوە لەئەفسانە لە ڕوانگەی مـەنهـەجی دیـالەکتیکی میـژوویـیـەوە ، ئـەمـڕۆ ڕاستـرین ڕاستی‌یە ، دەبێ لێرەداله هـۆشیاری بـدوێین وەپـەیوەنـدی بەعالەمی ماتەرەوە ، بۆ ئەوەی چەند وێنـەیەك لای خـۆمان بکێشین وەئەفسانە وەکو بەشێکی ئەو هۆشیاری‌یەی ئینسانی سەرەتایی لێ‌ی بگەین .

هۆشیاری چالاکی دەماغە بەڵام لەژێـر کاریگـەری ئەو پەیوەندی‌یەی لەگەڵ جیهانی ماتەردا ، بەهۆی ئـەندامـانی هەستکردنەوە ، هۆشیاری ڕەنگدانەوەی واقیعی مەوزوعیە ، هـەستکردن‌و دەرك پێ‌کـردن قۆنـاغەکـانی سەرەتـایی ئـەو ڕەنگـدانەوەیـەن لە پرۆسیسی زانـین‌دا تەنـانەت بـۆچوونـە خەیاڵاوییەکانیش یانەو وێنانەی کە خەیـاڵی ئینسان دروستی دەکاو لەجیهاندا بوونی نی‌یە جیاناکرێتەوە لەودوو قۆنـاغەی ڕەنگدانەوەکە بەڵکو دادەنرێ بە ڕەنگدانەوەیەکی نارێك‌و پێکی واقیع .

ئینسان بوونەوەرێکی بایۆلۆژی نی‌یە بەتەنها ، بەڵکـو بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی‌یە بەرهەمی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی سەدەها هەزار ساڵە ، ئەگەر لەهەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی وەکـو زمان‌و هـونەرو ئـەفسانـەو .... هتد بـدوێـین ، دەبێ بیگـەڕێنینەوە بـۆ سەرەتـاکانی پێش مێـژوو ، سەرەتـاکانی جیابونەوەی ئینسان لەجیهانی ئاژەڵ بەهۆی کارەوە (العمل) ، کـەواتە هـۆشیاریش بـەرهەمی کـارە ، کاریگـەری سەرەکی لەگواستنەوەو جیابونەوەی ئینسان وەکو بونەوەرێك لە جیهانی ئاژەڵ بەهۆی پرۆسیسی کارو چالاکی‌یە کۆمـەڵایەتی‌یـەکەوە ڕوویدا ، دروست کردن‌و بەکارهێنانی ئامێرەکانی کارکـردن هـەروەها هـەر لەئەنجـامی کارەوەبـوو کەتـوانرا دەست لە ڕۆشتنەوە بگوێزێتەوە بۆ خواردن‌و بەکارهێنانی دروستکردنی هۆکانی درێژەپێدانی ژیان هەر خۆشی بووە هۆی سەرهەڵدانی زمان ، زمانیش مارکس واتەنی «واقیعی حاڵی فیکرە» . واتە ئەم چالاکی‌یە ئینسانی‌یە پێویستە ، بەرهەم هێنانی ماددی بـووە هۆی تێگەیشتنێکی هاوبەش‌و بوونی زمانێکی هاوبەش . ئەنگلز دەڵێت «کار ئینسانی دروست کرد» هەرلێـرەشەوە دەتـوانین بڵێین دەبێتەهۆی لەخۆگرتنی ساتێکی دیاریکراو لەهـۆشیاری چـونکە بـوونی واقیعی خەڵکی ئـەو سەردەمـە توانی وەکـو کەوەهەرێکی کۆمەڵایەتی دروستکەری ئـامێر بـەشێوەیـەکی پێـویست (ناچـاری) ساتێـك لەبیرکـردنەوەی تیـوری (تفکیر النـظري) دروست بکات ، جـا بالەئـاستێکی نـزمیشـدابێت ئەوساتەش بەواتای ئەفسانە دێت‌و مەبەستمانە .

ئەگەر بێ بەپێ‌ی دابەشکـردنی قۆنـاغەکـانی گۆڕانی کۆمەڵ بکەوین بەشێوەیەکی گشتی ئەفسانە بەرهەمی قۆناغی

کۆمەڵەی سەرەتایی یە «مەبەستمان بیری میتۆلۆژی باوە» بەم قۆناغەدا بەرهەم هێنان بۆ مەبەستی ئاڵوگۆڕو خستنە ڕوو نەبوو بەڵکو بۆ مەبەستی بەکارهێنان بەمانای بەکارهێنان و لەناودان (استعمال واستهلاك) ئەویش بۆ پاریزگاری کردنی ئینسان و مانەوەی لەم حاڵەتەدا هۆشیاری بەناچاری و بەپلەی یەکەم هۆشیاریەکی هەست پێکراوی دەوروبەرە ، واتە لایەنە واقیعی یەکەی ، زانین پەیوەندیە سەرەتاییەکان لەنێوان کەسان و شتەکان هەروەکو چۆن ووتمان ساتێکی تیوری یە لەهۆشیاری ئینسانی سەرەتایی ، ئاواش شێوازێکی ئامانجدارە کە بەهۆیەوە هەوڵ داوە پەردە لەسەر نهێنیەکان لابدات ، بۆ تێگەیشتن لە یاساکانی سروشت بۆ ئەوەی لەڕێی ئەم تێگەیشتنەوە زاڵ بێت بەسەریدا ، هەوڵێکی مەزنە بۆ ئازادی (الحرية) بەو ماناپانایەی کەئازادی بریتی یە لە هۆشیاربوونەوەو تێگەیشتن لە ناچاری «ضرورة» .

سپینۆزا واتەنی ، ئازادی بەمانا فەلسەفیەکەی شارەزا بوونە لەنهێنەکانی سروشت لەڕێی تێگەیشتن لەیاساکانی یەوە خەباتە مەزنەکەی ئینسانیش هەر ئەوە بووە بۆ بەدەستهێنانی ئازادی ، هەروەها لەکۆمەڵە چینایەتی یەکاندا (کۆیلایەتی و دەربەگایەتی ... هتد) وەکو تەبریریکی ئایدۆلۆژی ئەفسانە بەکار هاتووە لەبەرژەوەندی چینە دەستەلاتدارەکان کە ئەمە بەڕوونی لە گۆڕانکاریەکانی ئەفسانەدا دەیبینینەوە .

ئەفسانە وەکو هوشیاریەکی سەرەتایی ڕەگی هەردوو بۆچوونەکەی تێدا دەبینینەوە چ بۆچوونە واقیعی یەکە (ماتەریالیزم) وەچ بۆچوونی ناواقیعی (ئایدیالیزم) ، بێگومان لێرەدا مەبەستمان لەسەرهەڵدانی فەلسەفە نی یە بەواتا فراوانەکەی کە دەگەڕێتەوە بۆ دابەش بوونی کار لەقۆناغی کۆیلایەتی دا ، بەڵام دەبێت دان بەسەربەستی یە نیسبی یەکەی فیکردا بنێین ، بەڵام وەکو ڕەگێکی سەرەتایی مەسەلە بنەڕەتی یەکەی فەلسەفە ، پەیوەندی هوشیاری بەماتەرەوە ، نووسەری کتێبی (فیورباخ) ئەنگلز دەڵێت «ئەم مەسەلەیە واتە پەیوەندی بیر بەگەردوونەوە ، عەقل بەسروشتەوە ، ڕەگێکی هەیە لەبۆچونە سەرەتاییەکانیشدا دەبینرێتەوە» .

ئەم قوڵبونەوەی ڕەگی گیروگرفتە لەئەفسانەدا بەشێوەیەکە کەهەردوو مەیلەکە لەخۆدەگرێت نەك وەك یەکەیەك چونکە ئەگەر لێرەدا وابڵێین دەبێ بچینە سەر ڕاکەی روجێ گارودێ کە دەڵێت «لەوسەردەمەدا کەکویلایەتی یەشتانەهاتبووە بوون ، کۆمەڵ دابەش نەکرابوو ئایدیالیزم و ماتەریالیزم بەیەکدا چووبون بەبێ هیچ ملمڵانێ یەك لەئەفسانەدا» .

ئێمە مەبەستمان یەکێتی یەکەیە لەهەمان کاتیشدا لیك جیابونەوەیەکی دووفاقی ، لایەنە ناواقیعی و لایەنە واقیعی یەکەی کە لە خۆی گرتبوو . لێرەدا پرسیاری خۆی دەسەپێنێ ئایا مەیلە واقیعی یەکە پێشتر کەوتووە یا ناواقیعی یەکە ؟ بەمانایەکی تر کامیان کۆنترن ؟ بەلێووردبونەوەیەکی گەوهەری مەسەلەکە دەگەینە ئەو بڕوایەی کەبڵێین مەیلە ماتەریالیزمیەکە کۆنترە تاکو ئایدیالیزمەکە ، بیری فەلسەفی ماتەریالیزمی بوونی خۆی لەهەڵوێستە سروشتی یەکەوە وەردەگرێت ئینسان ناچار دەبێت ئەو مەیلەی هەبێ بەرامبەر دەوروبەرەکەی تەنانەت ئەگەر عەفەویانەش بێت دەبێت بڕوا بەبوونی جیهانی مەوزوعی دەرەوەی خۆی بکات ، پێویست بوو لەسەر ئینسان هەرلەسەرەتاوە کاربکات وبیربکاتەوە بەبۆچونێکی واقیعی بۆ درێژە پێدانی ژیانی خۆی لەوملمڵانێ سەختەدا ، بەڵام لەگەڵ قوڵبونەوەی هوشیاری ئینسانی سەرەتایی لەڕێبازی دەستەوەستان و دۆش داماوی واتە لایەنی ناواقیعی و لادان بەلای خەیاڵ و چوونە دەرەوە لەو هێڵەی پێشوو لایەنی ناواقیعی سەردەردەهێنێ وەکو ڕەنگدانەوەیەکی وەهمیانەی جیهانی ماددی هەر لەبەردی بناغەی ئایین و ئایدیالیزمانەوە وەکو هوشیاریەکی هەڵگەراوەی جیهان . مەیلی ماتەریالیزمی ڕەسەنترو بنچینەترە لەبیری ئینسانیدا چالاکی بەرهەمهێنانی شمەکی ماددی هەموو جۆرە لادانێك بەرەو ناواقیعی ڕەت دەکاتەوە ، ئەوەی لێرەدا دەتوانین بیڵێین ئەوەیە کەئەفسانە قۆناغی پێش بیرکردنەوەیەکی فەلسەفی ڕیك وپێکە لەهەمان کاتدا هەوڵێکی ئینسانە بەدرێژایی ئەو قۆناغانە بۆتێگەیشتن لەخودی خۆی و جیهانی مەوزوعی .

**پەراوێزەکان :**

1 ـ ئەم باسە لەدوو کۆڕدا خوێندراوەتەوە ، یەکەمیان لە (1983-4-2) لەبەغداو دووەمیان لە (3-8-1983) لەباغچەی

یەکێتی نوسەران لەسلێمانی لەلایەن لیژنەی رۆشنبیری جەماوەر لەسلێمانی .

2 ـ الاسطورة ـ نبيلة ابراهيم
3 ـ الاسطورة ـ (نبيلة ابراهيم)
4 ـ الاساطير و علم الاجناس و سەرچاوەی پێشوو .
5 ـ دكتور قيس نوري (اساطير وعلم الاجناس) .
6 ـ الاسطورة ـ نبيلة ابراهيم
7 ـ ئەبێت ئەوە بڵێم کەلێرەدا رای قوتابخانەکە یا تیوری‌یەکە وەکو خۆی دەخەمە پێش چاو بۆ ئەوەی خۆمان لە رەخنەو رەخنە لێگرتنی ئەم بۆچوونانە بدەین .
8 ـ د . طيب تزيني . مشروع رؤية جديدة للفكر العربي في العصر الوسيط .
9 ـ لێرەدا زاراوەکانم بەعەرەبی داناوەتەوە چونکە لەراستیدا ئەو وشانەی کەلەکوردیدا بەرامبەری دانراون شوێنی خۆیان نەگرتووە ، هەربۆیەیشە (لا شعور) و (لا شعوری جمعی) ... هتد هەروەکو خۆی دادەنێینەوە بۆ ئەوەی خوێندەوار لەمەبەستەکەمان تێ‌بگات .

**سەرچاوەکانی ئەم باسە :ـ**

بۆ ئەم باسە سودم لەم سەرچاوانەی خوارەوە وەرگرتووە ، دەبێت ئەوە بڵێم کە سود بینینەکەلەهەندێکیاندا زۆر ناراستەو خۆیە و هەروەها لەبەشی سێ‌هەمدا زیاتر سودم لەکتێبەکەی د . طيب تزيني وەرگرتووە

1 ـ الدولة والاسطورة كاسيرد ترجمة احمد محمود خاكي
2 ـ حكاية الخرافية فونك ديرلاين ترجمة نبيلة ابراهيم
3 ـ الأساطير وعلم الاجناس د . قيس نوري
4 ـ فولكلور في العهد القديم جيمس فريزر جزء الاول ترجمة نبيلة ابراهيم
5 ـ المادية الديالكتيكية جماعة من اساتذة السوفيت ترجمة بدر الدين سباعي ، فؤاد مرعي ، عدنان جاموس
6 ـ الاسطورة نبيلة ابراهيم
7 ـ الاساطير احمد كمال زكي
8 ـ نظرية المادية في المعرفة روجية غارودي
9 ـ مشروع رؤيه جديدة لفكر العربي في العصر الوسيط د . طيب تزيني
10 ـ العقلية البدائية ليفي‌بريل ترجمة د . محمد القصاص
11 ـ مذهب التحليل النفسي وفلسفة الفرويدية الجديدة ، ڤاليری لیبین
12 ـ مستقبل الوهم فرويد
13 ـ تاريخ الاديان طه الهاشمي .

○

**مولود قادر بێخاڵی**

○

ئەگەر هەنگاوێك بگەڕێینەوە دواوە بۆ ساڵەکانی پەنجاو بیرێکی ورد لە ژیانی کرێکارانی قوڕکێشی بکەینەوە لە هەولێر، لەوانەیە گەلێ کەس بڕوا نەکەن و بڵێن چۆن کرێکار لەو رۆژانەدا وا دەچەوسایەوەو، هیچ دوور نی‌یە بەزیاد لە توانای ئادەمیزادی بزانن، چونکە هەر مرۆیەك رادەیێکی تایبەتی توانای هەیەو ئەگەر لەو رادەیەدەرچوو ئەبێ بە شتێکی بەدەگمەن رێکەوتووی وا بەئاسانی نەچێتە ئەقڵی ئادەمیزادەوە. بەلام زۆربەی ئەوانەی لەو مەیدانەدا کاریان کردووە بەمنداڵی و بەگەنجی‌و، ئێستەیش کەوتوونەتە ساڵەوە ئەگەر ئەو باسەیان بۆ بگێڕینەوە هەناسەیێك هەڵدەکێشن و بە چاوی پڕ لەئاو وەلام دەدەنەوەو دەڵێن بەخوا ئەوەی باسی دەکەن گەلێك لە رووداوی ئەو سەردەمە کەمترەو بەزەیی‌یەکی زۆریشیان بە حاڵی رابردووی خۆیانا دێتەوەو دەڵێن ئەو ژیانە چ ژیانێك بوو ئێمەی تێدا بووین و تێیدا دەکولاین بێ ئەوەی ژیانێکی مام‌ناوەندی مرۆڤانەمان بۆ دابین بکرێ! هەر ئەوانیش دەتوانن سەرباریکی زیاتر باوێنە سەر باسی ژیانی کرێکارانی قوڕ لە هەولێر.

بەر لە شۆڕشی ١٤ی تەموزی ئەمر لە سەرانسەری عێراقدا کرێکاران جیاوازیەکی ئەوتۆیان لە یەکدی نەبوو لە ژیانداو دەتوانم بڵێم هەموویان یەکسان بوون، بەلام مامڵەت لەگەڵ کرێکاری قوڕکێشان لە هەولێر لە خراپیدا جۆرە جیاوازییێکی هەبوو کرێکاری شارێکی‌تر لە توانایا نەبوو بتوانێ رۆژێك ئەو بارە لە ئەستۆ بگرێ. لەبەر ئەو هۆیە ئێستاش کرێکاری شارێکی‌تر روونکاتە هەولێر بۆ ئیش کردن، کەچی کرێکاری هەولێری ئیشی لە شارانی‌تر بێ عادەتی‌یەو هیچ سڵ لەوە ناکاتەوەو ناسەنگرێتەوە کە بچێت بۆ شارێکی‌تر بۆ کارو